Zanco Journal of Law and Politics
Vol(23), No(38), 2025

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# قەیرانی ئۆکرانیا: هۆکار و کاریگەرییەکانی لەسەر پەیوەندییەکانی ڕووسیا - ڕۆژاوا دوای ساڵی ٢٠١٤

م.ی. ئەحمەد عبدالكريم ئەحمەد
بەشی سیستمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق
ئیمێل: Ahmed.ahmed4@su.edu.krd
پ. د . صالح عمر عیسی
بەشی سیستمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق
ئیمێل: Salih.issa@su.edu.krd

| | | |
|---|---|---|
| ID No. 3056 | Received: 07/11/2024 | کلیله ووشەکان: |
| (PP 231-251) | Accepted: 13/04/2025 | جیۆپۆلیتیکی ئۆکرانیا، قەیرانی ئۆکرانیا،شۆڕشی پرتەقاڵی، پەیوەندییەکانی رووسیا ڕۆژاوا |
| https://doi.org/10.21271/zjlp.23.38.10 | Published: 04/06/2025 | |

## پوختە

ئۆکرانیا بەهۆی پێگە جوگرافی و جیۆسیاسییەکەیەوە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ هەریەک لە ڕووسیا و ئەوروپا. سنووری جیاکەرەوەی ڕووسیایە لە گەڵ ئەوروپا و بۆتە ئەڵقەی بەیەکگەیاندنی هەردوو زلهێزی جیهانی و چەقی ململانێکانی لێ چڕ بۆتەوە. شۆڕشی پرتەقاڵی بە خاڵی وەرچەرخانی ناکۆکییەکانی ڕووسیا و ئۆکرانیا دادەنرێت. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەمەدایە باس لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی قەیرانی ئۆکرانی دەکات و کاریگەری ئەم قەیرانە لەسەر پەیوەندییەکانی ئەوروپا و ڕووسیا دەخاتە ڕوو و هۆکار و لێکەوتەکانی تاوتوێ دەکات. ئەمەش سوودی دەبێت بۆ توێژەران و قوتابیان و ئەوانەی کە گرنگی بە بابەتی قەیرانی ئۆکرانیا دەدەن. ئامانجیش لەم توێژینەوە بریتییە لە خستنەڕووی هۆکارەکانی قەیرانی ئۆکرانیا و لێکەوتەکانی هێرشی ڕووسیایە بۆ سەر ئۆکرانیا، بەتایبەت دوای ساڵی ٢٠١٤،هەروەها پیشاندانی کاریگەری قەیرانەکە لەسەر پەیوەندی نێوان ڕووسیا و ڕۆژاوا.

لە توێژینەوەکەماندا گریمانەی ئەوە کراوە کە قەیرانی ئۆکرانیا کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ڕۆژاوا دروست دەکات و بەرەو ئاڵۆزی زیاتری دەبات، هەر لایەنێک لە بەرانبەر ئەویتر کۆمەڵێک ڕێکار و بڕیار و سزا دەگرێتەبەر. لەم توێژەنەوەیەدا ئێمە پشتمان بەستاوە بە هەردوو ڕێبازی ئیستقرائی و ئیستنباتی(استنباطي) و بەکارمان هێناوە و تێکەڵمان کردوون واتا ئەبدەکتیڤە. لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی کە هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی ڕۆژاوا و ڕووسیا هەبووە .بەهۆی بارودۆخی شەڕی ئۆکرانیاوە، ژینگەیەکی گونجاو بۆ هاتنەپێشەوەی ڕاسترەوە توندڕەوەکانی ئەوروپا دروست بوو و ئاستی جەماوەریان بەرزبوویەوە، هەروەها دروست بوونی قەیرانی کۆچەران لە ئەوروپا، کە ئەمەش کێشەی ئاسایشی بەدوای خۆی داهێنا.

## پێشەکی

قەیرانی ئۆکڕانی لە ساڵی ٢٠١٤ز یەکێک بوو لەو قەیرانانەی کە گرنگییەکی زۆری پێدرا، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەست بوو بە بەرژەوەندییەکانی ئەوروپا و ئەمریکا لە لایەک و ڕووسیا لە لاکەی تر. ئۆکرانیا لە هەموو ڕووەکانی ئابووری، سیاسی، ستراتیژی و ئاسایشەوە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ هەریەکە لە ڕۆژاوا و وڕووسیا.

لەم ساڵانەی دواییشدا پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و ناتۆ بەرەو خراپی ڕۆیشت، یەک لە هۆکارەکانیشی بریتی بوو لە ویستی ڕۆژاوا و ناتۆ لە فراوانبوونی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و لاسەنگ بوونی هاوکێشەی هێز لە نێوان ڕووسیا و ناتۆ. هەوڵی چوونی ئۆکڕانیاش بۆ ناو ناتۆ نیگەرانی ڕووسیای زیاتر کرد و دەست تێوەردانی ڕووسیای بەدوای خۆی داهێنا، چەند کردار و پەرچەکردار لەلایەن ڕۆژاوا و ڕووسیا بەرانبەر بەیەکتر دروست بوو و هەردوولا بە کۆمەڵێک سەپاندنی ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە.

- گرنگی توێژینەوە:

قەیرانی ئۆکڕانیا بابەتێکی هەستیارە و بە یەکێک لە گرنگترین کێشەکانی جیهان دادەنرێت. توێژینەوەکەی ئێمەش باس لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی قەیرانی ئۆکرانی دەکات و کاریگەری ئەم قەیرانە لەسەر پەیوەندییەکانی ئەوروپا و ڕووسیا دەخاتە ڕوو و هۆکار و لێکەوتەکانی تاوتوێ دەکات. ئەم توێژینەوەیە سوودی دەبێت بۆ توێژەران و قوتابیان و ئەوانەی کە گرنگی بە بابەتی قەیرانی ئۆکڕانیا دەدەن.

- ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوە بریتییە لە خستنەڕووی هۆکارەکانی قەیرانی ئۆکڕانیا و لێکەوتەکانی هێرشی ڕووسیایە بۆ سەر ئۆکرانیا، بەتایبەت دوای ساڵی ٢٠١٤. هەروەها پیشاندانی کاریگەری قەیرانەکە لەسەر پەیوەندی نێوان ڕووسیا و ڕۆژاوا.

- پرسیاری توێژینەوە:

پرسیاری توێژینەوەکەمان لە پرسیارێکی سەرەکی و یەکی لاوەکی پێکدێت:

پرسیاری سەرەکی:

قەیرانی ئۆکرانیا چ کاریگەرییەکی لەسەر پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ڕۆژاوا دروست کرد، بە تایبەت دوای ساڵی ٢٠١٤ز؟

پرسیاری لاوەکی:

لێکەوتەکانی هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکڕانیا چی بوون؟

- گریمانەی توێژینەوە:

١-قەیرانی ئۆکڕانیا کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ڕۆژاوا دروست دەکات و بەرەو ئاڵۆزی زیاتری دەبات، هەر لایەنێک لە بەرانبەر ئەویتر کۆمەڵێک ڕێکار و بڕیار و سزا دەگرێتەبەر.

٢- قەیرانی ئۆکڕانیا دوو جۆر لێکەوتەی دەبێت: لە ڕووی سەربازییەوە ، ڕۆژاوا بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەوروپا لە بەرانبەر ڕووسیا هاریکاری ئۆکڕانیا دەکات و چەک و کەلوپەلی سەربازی بۆ دەنێرێت و هەوڵی خۆ پرچەک کردن دەدەن. لە ڕووی سیاسیشدا، شەڕی ئۆکرانیا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی بەشێکی وڵاتانی ئەوروپا لە بەرانبەر ڕووسیا. لە ناوخۆی بەشێکی وڵاتانی ئەوروپا بە هۆی ئەم شەڕەوە پارتە ڕاسترەوە توندڕەوەکان چانسی زیاد بوونی دەنگەکانی دەبێت و کێشەی کۆچەرە ئۆکڕانییەکانیان بۆ دروست دەبێت.

- سنووری توێژینەوە:

شوێنی توێژینەوەکەمان وڵاتی ئۆکڕانیایە کە شەڕەکەی تێدا دەکرێت، کاتەکەشی لە ساڵی ٢٠١٤ دەستپێدەکات تا دەگاتە ئێستا کە توێژیەنەوەکەی تێدا پێشکەش دەکرێت ئەویش ساڵی ٢٠٢٤، کە دەکاتە دە ساڵ، یاخود دەیەیەک.

- میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژەنەوەیەدا ئێمە پشتمان بەستاوە بە هەردوو ڕێبازی ئیستقرائی و ئیستنباتی(استنباطي) و بەکارمان هێناوە و تێکەڵمان کردوون واتا ئەبدەکتیڤە.

بۆیە ڕێبازی ئیستقرائیمان بەکارهێنا، چونکە بۆ تێگەیشتنی بارودۆخەکە و شیکارکردن و گەیشتن بە دەرەنجام، سەرەڕای کورتەباسێکی مێژوویی قەیرانی ئۆکڕانیا،هەڵساین بە کۆکردنەوەی داتاکان و ڕاستییەکان لە سەرچاوەکاندا، کە پێکهاتبوو

لە باسێکی وردی ڕووداوەکان و چۆنییەتی سەپاندنی سزا ئابووری و بڕیارە سیاسی و سەربازییەکان و ئەو ڕاپۆرتە هەواڵانەی کە تەشەنەکردنی قەیرانەکەیان دۆکۆمێنت کردووە.

هەروها لە هەندێ قۆناغ و شوێندا ڕێبازی ئیستنباتیمان بەکارهێناوە، ئەمەش بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان دەرەنجامی توێژینەوە و ئەو تیۆرەی کە بۆمان بەکارهێنا و بەهۆیەوە سوودمان لێی وەرگرت لە لێهەڵێنجان و پێشبینی کردنی ڕووداوەکان .

- توێژینەوەکانی پێشوو:

١- توێژینەوەی د. ميادة علي حيضر، بەناونیشانی: أوكرانيا في الإدراك الروسي الأمريكي الأوروبي. باس لە قەیرانی ئۆکرانیا دەکات، هەروەها ئەو هەڵوێستانەی کە بەهۆی قەیرانی ئۆکرانیا دروست بوون لە لایەن وڵاتانەوە، لەسەر هەردوو ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

٢- توێژینەوەی محمد السيد محمد السيد، بەناونیشانی: تداعيات الأزمة الأوكرانية على العلاقات الروسية الغربية (فبراير2014- إبريل2022 م). باس لە ڕەگوڕیشەی قەیرانی ئۆکرانی دەکات، هەروەها هەوڵەکان لە پێناو پێشگرتن لە تەشەنەکردنی قەیرانەکە و کاریگەری ئەو قەیرانە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و وڵاتانی ڕۆژاوا دەخاتەڕوو.

٣- توێژینەوەی د. أحمد عبد الأمين خضير الأنباري، بەناونیشانی: العلاقات الروسية الغربية بعد عام 2014م. باس لە پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی ڕۆژاوا و ڕووسیا دەکات لە دوای ساڵی ٢٠١٤، ئاڵۆزی و پەرەسەندنی کێشە لە پەیوەندییەکانیان دەخاتەڕوو.

٤-توێژینەوەی د.آمنة محمد علي، بەناونیشانی: أزمة القرم وتداعيتها على الأزمة الروسية الأوكرانية. باس لە قەیرانی دوای داگیرکردنی نیمچە دورگەی قرم دەکات لەلایەن ڕووسیا، هەروەها کاریگەری ئەو قەیرانە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا.

هەرچی تویژینەوەکەی ئێـمەیە خاڵی جیاوازی لەگەڵ ئەم توێژینەوانەی سەرەوە ئەوەیە باسمان لە چوارچێوەی تیۆری بۆ توێژینەوەکە کردووە، ریالیزمی نوێ دەکەینە بنەمای کارکردن لەسەر توێژینەوەکەمان. هەروەها هۆکار و لێکەوتەکانی قەیرانی ئۆکرانیا و هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا دەخەینەڕوو.

- پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکدێت، کە هەر بەشێکی چەند باسێکی لەخۆ گرتووە. بەشی یەکەم کە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەمانە لە دوو باس پێکدێت، باسی یەکەم بەناوی تیۆری نیوریالیزم و قەیرانی ئۆکرانیا ، تێیدا باس لە چەمکی ریالیزمی نوێ(New Realism) و چۆنیەتی پەیدابوونی هەردوو جۆرەکەی، ڕیالیزمی بەرگریکارانە و ڕیالیزمی هێرشبەرانە دەکەین. باسی دووەمیش سەبارەت بە شوێن و گرنگی وڵاتی ئۆکرانیایە، هەروەها باسی سەرهەڵدان و هۆکاری دەستپێکردنی شەڕی ئۆکرانیا دەکەین.

بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان بە نانیشانی قەیرانی ئۆکرانیا و پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ڕۆژاوا، لە سێ باس پێکدێت. باسی یەکەم، کاریگەری قەیرانی ئۆکرانیا لەسەر پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ڕۆژاوا دەخاتەڕوو. باسی دووەمیش سەبارەت بە هۆکارەکانی قەیرانی ئۆکرانیا و هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیایە.

باسی سێیەمیشمان باس لە لێکەوتە کانی قەیرانی ئۆکرانیا، سەبارەت بە ڕۆژاوا و ڕووسیا دەکات، کە دابەشمان کردۆتە سەر دوو جۆر، لێکەوتە سەربازییەکان و لێکەوتە سیاسییەکان. لە کۆتاییشدا دەرەنجامی توێژینەوەکەمان خستۆتەڕوو.

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی تیۆری

### باسی یەکەم

### تیۆری نیوڕیالیزم و قەیرانی ئۆکرانیا

تیۆری نیوڕیالیزم یەکێکە لە تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و لە دوای تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی لە پێناو لێکدانەوە و شیکاری شەڕ و ڕێکەوتنەکان هاتەکایەوە، کە لە ئێستادا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە و بەهۆیەوە دەتوانین شیکردنەوە بۆ سیاسەتی وڵاتە زلهێزەکان و هێزە ناوچەییەکان بکرێت.

**چەمکی ریالیزمی نوێ(New Realism):**

بەهۆی ئەو ڕەخنانەی کە لە ڕیالیزمی کلاسیکی گیرا هاتەکایەوە ، واتا هەوڵدرا چەمکی ڕیالیزمی کلاسیکی لەگەڵ واقع و بارودۆخ و ژینگەی نێودەوڵەتی بگونجێنرێت (عودة، ٢٠٠١، ص٤٤). ئەم تیۆرە لەلایەن کینث واڵتزیش Kinth waltz[1] داهێنرا، کە لە کتێبەکەی بە ناوی تیۆری سیاسەتە نێودەوڵەتییەکان Theory of InternatIonal politics باسی تیۆرەکەی کرد و ناوی لێنا ڕیالیزمی پێکهاتەیی (Structural realism) (فرج، ٢٠٠٧، ص٣٦٢)، و هەر لە ڕێگای ئەم کتێبەشەوە ناسرا، واتا بەهەردوو ناوی نیو ڕیالیزم و پێکهاتەیی ناسراوە.

ئەم تیۆرە لە پێناو تەفسیرکردنی شەڕ و هاوپەیمانێتییەکان داهێنرا بە پێچەوانەی ڕیالیزمی کلاسیکی کە جەخت دەکاتەوە لەسەر گۆڕاوەکانی هێز بۆ تێگەیشتنی ڕەفتارەکانی وڵاتان و پەیوەندییەکانی نێوانیان (خنفوف، 2016، ص ص١٤-١٥). ئەم تیۆرە هەبوونی پشێوی دەکاتە بنەمای لێکدانەوە و تەفسیرکرنی بارودۆخی نێودەوڵەتی، سەبارەت بە پشێویش واڵتز دەڵێ: هۆکاری ناسەقامگیری و هەبوونی پشێوی لە جیهاندا بریتییە لە نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی باڵادەستی بەهێز لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە هێچ دەسەڵاتێک نەبێ، بەڵام ئەو دەسەڵاتە باڵایەی چاودێری سەرووی وڵاتەکان نییە تاوەکوو هەمووان ناچار بکات یان لە کاتی سەرپێچی سزایان بدات. لەناو ئەو پشێوییە نێودەوڵەتییەشدا سەرەکیترین ئامانجی هەر دەوڵەتێک لەسەر ئاستی دەرەوە بریتییە لە مانەوە و پاراستنی خودی خۆی لە هەڕەشە و مەترسییەکانی دەرەوە (لعربي،٢٠٠٤،ص ص٣٦-٣٨).

واڵتز دەڵێ: تیۆری نیوڕیالیزم لەسەر گریمانەی پشێویی نێودەوڵەتی بونیاتنراوە و هەر ئەویشە دەتوانێ تەفسیری ژمارەیەکی کەم لە شتە گرنگەکان بکات. لە پشێویی نێودەوڵەتیشدا هیچ لایەن یان دەوڵەتێک ناتوانێ گرەنتی هەبوونی یاسا و سیستم و دابەشکاری ئەرکەکانی نێوان وڵاتان و هاریکاری نێوانیان بکات (فرج، ٢٠٠٧، ص ص٣٦٥). واتا لەم پشێوییە یان پشێوییەدا وڵاتان بەپێی ویست و بەرژەوەندی خۆیان هەنگاو دەنێن دەسەڵاتێکی بێ لایەنی دادوەر سەرووی دەسەڵاتی هەموو وڵاتەکان نییە تا وەکو دادوەرێک کێشەکان یەکلا بکاتەوە و سزای ئەو وڵاتانە بدات کە دەستدرێژی دەکەنە سەر وڵاتانی تر و مافییان پێشێل دەکەن.

نیوڕیالیزمییەکان بە پێچەوانەی ڕیالیزمییە کلاسیکییەکان پێیان وایە کە هێز بریتییە لە ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە ئامانج نەک خودی ئامانجەکە. ئامانجی کۆتاییش مانەوەی دەوڵەتە، بەڵام ڕیالیزمییە کلاسیکییەکان پێیان وایە هێز بریتییە لە ئامانج. کەواتە تیۆری نیوڕیالیزم گرنگی بەو پەیوەندییە هۆکارییەی نێوان ئامراز و ئامانج دەدات کە دەبێتەهۆی دروستبوونی

---

(1) کینث واڵتز Kinth waltz : زانا و مونەزیرێکی ئەمریکی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە و لە ساڵی ١٩٢٤ لە دایک بووە. یەکەم کتێبی بە ناوی (پیاو، دەوڵەت و جەنگ) لە ساڵی ١٩٥٩ بڵاوکرایەوە. واڵتز پشتیوانی لە ڕێبازی کلاسیکی دەکات و دەیکاتە بنەمای شرۆڤەکردنی شەڕ و ناکۆکییەکان. کتێبی (تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی) کە لە ساڵی ١٩٧٩ چاپکرا بە گرنگترین و کاریگەرترین کتێبی زانستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت کە لە شیکردنەوەکانیدا سروشتی مرۆڤ و ڕەوشتی وڵاتان لە بەرچاو ناگرێت و پشت گوێی دەخات، بەڵکو لە بەرانبەردا پشێویی نێودەوڵەتی بە بزوێنەری ڕەفتاری دەوڵەتەکان دادەنێت. واڵتز دەڵێ: حالەتی دوو جەمسەری باشترین حالەتە کە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بپارێزێ بە بەراورد لەگەڵ تاک جەمسەریدا (رواد الحضارة، 2018).

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

هەژموون و بڵاوبوونەوەی، چونکە لە ڕێگای ئەمەوە وڵاتان دەتوانن هەوڵی پاراستنی ئەو پێگە هەژمووندارەیان بدەن (دان و اخرون، ٢٠١٦، ص ص٢١٣-٢١٥). لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نیوڕیالیزم وردتر و فراوانترە لە ڕیالیزمی کلاسیک بۆ لێکدانەوەی هەڵسوکەوتی وڵاتان، تەنها هێز بە ئامانج دانانێت بەڵکو ئامانجی جگە لە مانەوەی دەوڵەت، هەبوونی دەوڵەتێکی هەژموونداره.

تیۆری نیوڕیالیزم گرنگییەکی زۆر بە ئاسایشی دەوڵەتان دەدات و لەگەڵ هێز بە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی یاسایی بە یەکیان دەبەستێتەوە و دەڵێ: پەیوەندی نێوان هێز و ئاسایشی دەوڵەت پەیوەندییەکی ڕاستەوانە و ڕاستەوخۆیە، واتا هەرچەندی هێزی دەوڵەت زیاتر بێ، ئەوەندەش ئاسایشەکەی جێگیرتر دەبێ (مصطفی، ٢٠١٠، ص١٤٧). واتا نیوڕیالیزم داوا دەکات دەوڵەت هێزی هەبێت تا هەژموونی لەسەر وڵاتان هەبێت و هیچ وڵاتێک نەتوانێت ئاسایشەکەی تێکبدات.

گرنگترین گریمانەکانی تیۆری ڕیالیزمی نوێ یان ڕیالیزمی پێکهاتەیی بریتیین لە(عبدالناصر، ٢٠٠٧، ص١٧٥ ):

-لە سیستمی نێودەوڵەتیدا پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەردەوام لە ململانێ و پشێوی دایە.

-وڵات یەکەی شێکاری کارای ناوەندی سیستمی نێودەوڵەتییە.

-وڵاتان هەوڵی هێنانەکایەی ئەوپەڕی ئاسایش دەدەن.

-وڵاتان هەوڵی زیادکردنی هێزی خۆیان دەدەن بێ ئەوەی ئەو زیادکردنە ببێتە هۆی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ئەوانی تر.

گۆڕانکاری ڕیشەیی و مەترسیدار دەکەوێتەسەر ئاستی دابەشکاری هێز لەنێوان یەکە سیاسییەکانی سیستمی نێودەوڵەتی.

-سیستمی دوو جەمسەری زیاتر سەقامگیرترە لە سیستمی تاک جەمسەری.

هەریەک لەم گریمانانە گرنگ و گونجاون بۆ شیکاری ڕووداوەکانی توێژینەوەکەمان، بۆیە ئێمە تیۆری نیۆڕیالیزم دەکەینە بنەما بۆ توێژینەوەکەمان و لە ڕێگەی ئەودا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەین.

نیوڕیالیزم دابەشبووە سەر دوو بەرەی فیکری، کە ئەوانیش: ڕیالیزمی بەرگریکارانە Defensive Realism و ڕیالیزمی هێرشبەرانە Offensive Realism یە. لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردووش نیوڕیالیزم گۆڕانکاری و پێشکەوتنێکی زۆر گرنگی سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە بواری ئاسایش بە خۆوە بینی بە تایبەتی لەم دوو بوارە فیکرییە (فرج، ٢٠٠٧، ص٣٨٥). لەخوارەوە باسی هەردوو بوارەکە دەکەین و تیشکی دەخەینە سەر:

یەکەم: ڕیالیزمی بەرگریکارانە

ڕیالیزمی بەرگریکارانە لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکان بە بڵاوبوونەوەی کتابەکەی کینث واڵتز بە ناوی تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی Theory of international politics بەدیارکەوت و بە بنەمای نیوڕیالیزم دادەنرێت. کینث واڵتز لەم کتێبەدا دەڵێ: لە ڕاستیدا زلهێزەکان تەنها لەپێناو بەدەستهێنانی هێز ڕەفتاری دوژمنکارانە ناکەن، بەڵکو لە پێناو پاراستنی نەتەوە و ئاسایشی خۆیان ئەم ڕەفتارە دەکەن. هۆکارەکەشی هەبوونی پشێوی نێودەوڵەتییە کە وڵاتانی ناچار بەم ململانێیە کردووە لە پێناو بەدەستهێنانی هێز. چونکە هێز باشترین شتە بۆ مانەوەی خۆی و ئاسایشەکەی (Mearsheimer, 2003, P19).

ڕیالیزمییە بەرگریکاریەکان دەڵێن: لە نێوان بەرگریکردن و هێرشبردن، تەرازووی بەرژەوەندی هەمیشە بە لای بەرگریکردن دایە، ئەمەش وا دەکات ململانێکردن لەسەر ئاسایش کەمتر بێتەوە. لە ڕوانگەی ئەم لۆجیکەشەوە تەرازووی هێز بە لای ئاشتییەوە لاسەنگ دەبێ. تایبەتمەندی بەرگریکاری دەبێتەهۆی هێنانەکایەی ئاشتی بەڵام تایبەتمەندی هێرشبەرانە دەبێتە هۆی بەرپابوونی شەڕ (دان و اخرون، ٢٠١٦، ص٢٣٦).

دووەم: ڕیالیزمی هێرشبەرانە

ئەم تیۆرە جۆن میرشایمەر J.Mearsheimer John[(2)] دایهێنا، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە زلهێزەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی هەیە و بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر هێزی سەربازی وەستاون (مصباح، ٢٠٠٨، ص

(2) جۆن میرشایمەر J.Mearsheimer John: لە ساڵی ١٩٤٧ لە بڕۆکلین-نیۆرک لە دایک بووە، مامۆستای بەشی زانستە سیاسییەکان، بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی شیکاگۆ بووە، نووسین و بەرهەمەکانی لەسەر بابەتی ئاسایش و سیاسەتی نێودەوڵەتییە. تیۆری ڕیالیزمی هێرشبەرانەی دانا کە سەر بە قوتابخانەی ڕیالیزمە، پێی وایە پشێویی نێودەوڵەتی بەرپرسە لە ڕەفتاری دوژمندارانەی دەوڵەت لە سیاسەتی نێودەوڵەتی. چەند کتێبەکی هەیە لەوانەش: (گرفتی ئەتۆمی و

ص٤٢-٤٣). میرشایمەر لە تیۆرەکەی باس لە زلهێزەکان دەکات کە چۆن بتوانن لەم جیهانە بمێننەوە لە کاتێکدا هیچ شتێک نییە کە لە بەرانبەر یەکتر بیانپارێزێ (مصباح، ٢٠٠٨، ص٤٨). هەر ئەوانیشن حوکمی سیستمی نێودەوڵەتی دەکەن. لەسەر ئەو بنەمایە گریمانە سەرەکییەکەی خۆی دادەڕێژێ کە بە ڕاڤەکردنی ڕیالیزمی هێرشبەرانە شیکردنەوە بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هەموو کارلێکەکانی نێوان یەکە سەرەکییەکانی ناو سیستمی نێودەوڵەتیدا لە چوار خاڵدا دەکات (مصباح، ٢٠٠٨ ، ص ص٣١-٣٣، ٤٦):

١- هەر زلهێزێک ئەوەندە هێزی سەربازی هەیە کە بتوانێ هێرش بکات و زەرەر لە وڵاتەکەی بەرانبەری بدات، ئەمەش وا دەکات کە وڵاتان ببنە مەترسی بۆ سەر یەکتر.

٢- وڵاتان ناتوانن باوەڕ بە یەکتر بکەن و لە نیاز و نیەتی یەکتر دڵنیا ببنەوە.

٣- مانەوە ئامانجی سەرەکی زلهێزەکانە.

٤- زلهێزەکان بکەری عەقڵانین و دەرک بە ژینگەی دەرەوە دەکەن و بە شێوەیەکی ستراتیژی سەبارەت بە مانەوەیان بیردەکەنەوە. هەروەها دەڵێ: شەڕ بریتییە لە سیاسەتکردن بەڵام بە شێوازێکی تر یان بە ئامرازی تر. پێیشی وایە کە دەکرێ لە هەندێ حالەتی زۆر تایبەت وڵاتان لە نێوان خۆیان هاریکار بن هەروەک هاریکاربوونی وڵاتانی هاوپەیمانان دژی ئەڵمانیای نازی، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو هاریکاری کردنە بریتیبوو لە هەبوونی چەندین بەرژەوەندی ناکۆک و دژ بەیەک و ڕەفتاری کێبڕکێکاری.

میرشایمەر و هاوڕێکانی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە شتێکی لۆجیکییە وڵاتان بە شێوەیەکی ستراتیژی ئەگەر بارودۆخیان بۆ گونجا چەندی بۆیان دەکرێ هەوڵی بەدەستهێنانی هێز و سەپاندنی هەژموونی خۆیان بدەن، چونکە هەبوونی هێزی زۆر، زیاتر گرەنتی مانەوەی دەوڵەت دەکات (دان و اخرون، ٢٠١٦، ص ص٢١٣-٢١٥). کەواتە ڕیالیزمییە بەرگریکارییەکان زیاتر گرنگی بە ئاشتی دەدەن و دەیانەوێ ئاستی هەستیاری و ململانێکان لەپێناو دەستهێنانی هێز کەم بکەنەوە و خۆیان لەشەڕ بەدوور بگرن. بە تێڕوانینی ئێمە وەکو توێژەر دوای بەراورد، لەناو ڕیالیزمی نوێ، ڕیالیزمی بەرگریکارانە گونجاوتر دەبینین لە ڕیالیزمی هێرشبەرانە، چونکە کەمتر وا دەکات ململانێکان تەشەنە بکەن و بەرەو شەڕی سەرتاسەری ئاڕاستەبێت.

## باسی دووەم
## شوێن و گرنگی ئۆکرانیا

ئۆکرانیا بەهۆی پێگە جوگرافییەکەیەوە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ هەریەک لە ڕووسیا و ئەوروپا، چەقی ململانێکانی لێ چڕ بۆتەوە کە خۆ دەربازکردنی لە شەڕ بۆتە نیمچە مەحاڵ، چونکە خاڵی یەکتر بڕینی بەرژەوەندی هەردوو لایەنی نەیارە. لێرەدا ئێمە بە چەند خاڵێک باسی جیۆپۆلیتیکی وڵاتەکە و قەیران و هۆکار و هەوڵە شکستخواردووەکان بۆ پێشگرتن لە شەڕ و چارەسەرکردنی قەیرانەکان دەکەین:

### یەکەم:گرنگی ئۆکرانیا

گرنگی ئۆکرانیا بۆ ڕووسیا بەهۆی چەند فاکتەرێکی ستراتیژی وەکو: مێژوو، جوگرافیا، ڕۆشنبیری، ئابووری و ئاسایشەوەیە، هەریەک لەم فاکتەرانەش وادەکەن ڕووسیا دەستبەرداری ئۆکرانیا نەبێت بە ئاسانی(الربيعي، ٢٠١٦، ص١٥٤). خاکی ئۆکرانیا بەشی هەرەزۆری دەکەوێتە سەر دەشتی ئەوروپای ڕۆژهەڵات. لەڕووی گەورەیی ڕووبەریشدا، دووەم گەورەترین وڵاتە لە ئەوروپا ،شەش سەت هەزار کیلۆمەتری دووجای دەکەوێتە سەر دەشتی ئەوروپا و وەک دیوارێکی جیاکەرەوەی ڕووسیایە لە وڵاتانی ئەوروپایە و بۆتە ئەڵقەی بەیەکگەیاندنی هەردوو زلهێزی جیهانی، ئەوانیش ڕووسیا لە ڕۆژهەڵات و ئەوروپا لە ڕۆژاوا. هەر بۆیەشە شوێنەکەی گرنگییەکی جیۆسیاسی وەرگرتووە(الطالب، ٢٠٢٢، ص٤). کەواتە

---

ڕەوشتی ستراتیژی، کارەساتی سیاسەتی زلهێزەکان، لۆبی ئیسرائیلی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکی) (ویکیبیدیا، جون میرشایمر، ٢٠٢٠)،

لەڕووی شوێنی جوگرافییەوە خاکێکی فراوانی هەیە و لەبەر ئەوەی سنووری وڵاتانی ئەوروپا بە ڕووسیا دەبەستێتەوە پێگەکەی زۆر هەستیارە.

لەڕووی ئاینی و مەزهەبییەوە، هەر لەسەدەی دەیەمی زاینییەوە ئۆکرانیا لانکەی یەکەمی مەزهەبی ئەرثۆدۆکسیی ڕووسی بووە. لەڕووی زمانیشەوە، بەشێکی زۆری خەڵکی ئۆکرانیا بە زمانی ڕووسی قسە دەکەن(أمین و آخرون، ٢٠٢٢، ص١١). کەواتە هەردوو گەلی ڕووسی و ئۆکرانی لە زۆر خاڵدا هاوبەشن و لێک نزیکی زۆریان لە نێواندا هەیە، ئایین و مەزهەب و زمان بە یەکیان دەبەستێتەوە، ئەمە بێجگە لە هاوسنووری و مێژوویەکی هاوبەش لە نێوانیاندا.

هنری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکای ساڵانی(١٩٦٩-١٩٧٤)ز، پەیوەندی نێوان هەردوو وڵاتی بەم شێوەیە باسکردووە:" ئۆکرانیا بۆ ڕووسیا وڵاتێکی بێگانە نییە، ڕووسیا بە بەشێک لەخۆی دەزانێت، چونکە هەردوو وڵات هەمان ئاین و مەزهەبیان هەیە، هەروەها ئۆکرانیا بۆ ماوەی چەند سەدەیەک بەشێک بووە لە ڕووسیا. لەسەدەی هەژدەیەمیشدا چەندین شەڕیان بەیەکەوە لە دژی وڵاتان کردووە و کەشتیگەلییەکانی ڕووسیا لە ئۆکرانیا لە ناو دەریای ڕەش جێگیر کراون، بە کورتی ئۆکرانیا بە شێکە لە مێژووی ڕووسیا. لە ڕابردوودا ئۆکرانیا بەشێک بووە لە یەکێتی سۆڤیەت، دووەم گەورەترین و بەهێزترین کۆمارەکانی ناو یەکێتی سۆڤیەت بوو لە دوای ڕووسیا ، و سێیەم گەورەترین جبەخانەی ئەتۆمی هەبوو لە جیهاندا. دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت و سەربەخۆبوونی ئۆکرانیاش، ئۆکرانیا بووە هاوسێی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵات(الربیعي، ٢٠١٦، ص١٥٤). ئۆکرانیا بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ڕووسیا قوڵایی ستراتیژی هەیە، چونکە ڕووسیا لە ڕێی ئۆکرانیاوە دەتوانێت نفوزی ئابووری و سەربازی و سیاسی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و قۆقاز و دەریای ڕەش فراوان بکات، بۆیە هەمیشە ڕێگری لەوە دەکات هەریەک لەو وڵاتانە بچنە ناو یەکێتی ئەوروپا یان ناتۆ(Kingsley, 2022). لەڕووی جیۆسیاسیشەوە، ڕووسیا سێ دەروازەی هەیە بە ڕووی جیهاندا: ئاسیای ناوەڕاست، قۆقاز، ئۆکرانیا، جا ئۆکرانیا بۆ ڕووسیا لە هەموو دەروازەکان گرنگترە چونکە لە ڕێگای دەشتی ئۆکرانیاوە بوو سوپای داگیرکەری ئەوروپی بەرەو ڕووسیا تێدەپەڕی(حلیم، ٢٠١٩، ص١٦٩). جا کە ئۆکرانیا ئەوندە گرنگ بێت بۆ ڕووسیا بە دڵنیاییەوە بە هۆکاری جێگیری یان تێکچوونی ئاسایشی خۆی دەزانێت.

لە ڕووی ئابوورییەوە، بەهۆی ئەوەی لە بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا خاک و خۆڵێکی کوالێتی بەرز هەیە کە بە خۆڵی ڕەش ناسراوە، ئۆکرانیا بۆتە یەکێک لە گەورەترین وڵاتانی بەرهەمهێنەری کشتوکاڵی. لە بواری پیشەسازیشەوە، سەرەڕای دەوڵەمەندی لە بواری کشتوکاڵییەوە، ئۆکرانیا لە نەفت و کانزاکان و کانی خاوەکان(المناجم) دەوڵەمەندە، ئەمەش وایکردووە لە بواری پیشەسازییەوە پێشکەوێت بە تایبەتی پیشەسازی ئاسن و نەفت و کەشتی و... هتد، لە دۆنتیسکی ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا. لە بواری بازرگانی وزەشدا، ئۆکرانیا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بازرگانی وزەی ڕووسی، بە بازاڕی گازی ڕووسیا دادەنرێت، چونکە بە ڕێژەی ٨٠٪ ی بۆڕییەکانی هەناردەی گازی ڕووسیای پێداتێپەڕ دەبێت بۆ ئەورووپا، هەروەها ڕێڕەوی سەرەکی تێپەڕبوونی هێڵەکانی وزەی ڕووسییە بەرەو ئەوروپا کە ئەوروپا بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی پێدەبەستێت(أمین و آخرون، ٢٠٢٢، ص١٠).

زۆر بواری تریش هەن کە ڕووسیا هەوڵی بۆ دەدات تا ئۆکرانیا پشتیوانی لێ بکات، بۆ نمونە: یەکێک لە بەرژەوەندییە هەرەگرنگەکانی ڕووسیا لە ئۆکرانیا ئەوەیە بێتەناو یەکێتی ئابووری ئۆراسی (EACU) چونکە ئۆکرانیا ئەو یەکێتییە دەکاتە هێزێکی ئابووری ڕاستەقینە و هێزێکی سەربازی و جیۆسیاسی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا و ئەوروپا لەلایەک و چین لەلاکەی تر. سەرەڕای ئەمانەش ئۆکرانیا لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ ڕووسیا خاڵی هاوبەشیان هەیە و پێکدەچن. ئۆکرانیا لەگەڵ بیلاڕووسیا ئامادەبوونیان لەو یەکێتییە کە ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاترە لە ٤٠ ملیۆن کەس، وادەکات هاوسەنگییەک لەبەرانبەر وڵاتانی ئەندامی ناو یەکێتییەکە دروست بکات کە زۆرینەیان لەڕووی ڕەچەڵەکەوە تورکن و لە ئایینیشدا موسڵمانن(مرکز الدراسات العربیة الاوراسیة CAES، ٢٠٢١).

هەموو ئەمانە گرنگن، بەڵام ڕووسیا ئەوروپا بە هەڕەشە بۆ سەر خۆی دەبینێت، کەواتە لەڕووی سەربازیشەوە شوێنی ئۆکرانیا بۆ ڕووسیا زۆر گرنگە. لە بواری سەربازیشەوە ئۆکرانیا وڵاتێکی دابڕاوە و شوێنی کەشتیگەلەکانی ڕووسیایە لە دەریای ڕەشدا. واتا دەریای ڕەش خاڵێکی تری جیۆستراتیژی گرنگە بۆ هەریەک لە ڕووسیا و ئۆکرانیا و تورکیا، لە ڕێگای دەریای ڕەشەوە دەتوانن چاودێری کەشتییە سەربازی و بازرگانییەکان بکەن، هەربۆیە ڕووسیا نیمچەدورگەی قرمی داگیرکرد

و لکاندنی بە خاکی ڕووسیا، چونکە لە دەریای ڕەش بە تایبەت و بەدیاریکراوی لە سیفاستۆبۆڵ کە تاکە بەندەری ڕووسیایە لە ئاوە گەرمەکاندا، کەشتیگەلی ڕووسی هەن کە ئەمەش لەڕووی سەربازییەوە وادەکات ڕووسیا بتوانێ مانۆڕی سەربازی و تەکتیکی بکات هەروەک لە جۆرجیا کردی(Stork, 2015, P.37).

هەموو ئەم زانیارییانە کە گرنگی ئۆکرانیا بۆ ڕووسیا لە بوارەکانی مێژوویی، جوگرافیا، ڕەچەڵەک، ئایینی و مەزهەبی، ڕۆشنبیری، ئابووری(بازرگانی وزە)، سەربازی و ئاسایش ڕوونکردۆتەوە ئەوە دەردەخات کە ڕووسیا و بە ئاسانی دەستبەرداری ئۆکرانیا نابێت، هەربۆیە ئۆکرانیا ترسێکی بەردەوامی لە ڕووسیا هەیە و هەوڵدادات خۆی و ئاسایشەکەی بپارێزێ و بە هەر ڕێگایەک هەبێت ڕێگری بکات لەوەی ڕووسیا هێرشی بکاتە سەری و داگیری بکات. چونکە بەپێی گریمانەکانی نیوڕیالیزمی لە سیستمی نێودەوڵەتیدا کە دەڵێت:پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەردەوام لە ململانێ و پشێوی دان و بەپێی گریمانەی ڕیالیزمی هێرشبەرانەش کە دەڵێت: هەر زلهێزێک ئەوەندە هێزی سەربازی هەیە کە بتوانێ هێرش بکات و زەرەر لە وڵاتەکەی بەرانبەری بدات، ئەمەش وا دەکات کە وڵاتان ببنە مەترسی بۆ سەر یەکتر، هەروەها وڵاتان ناتوانن باوەڕ بە یەکتر بکەن و لە نیاز و نیەتی یەکتر دڵنیا ببنەوە.

دووەم: باسێکی قەیرانی ئۆکرانیا

ڕەگی کێشەی ئێستای ئۆکرانیا بۆ سەردەمی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دەگەڕێتەوە واتا بۆ سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو(Kirby and Guyer, 2022). بەڵام دەکرێت شۆڕشی پرتەقاڵی بە خاڵی بنەڕەتی ناکۆکییەکان دەست نیشان بکەین. شۆڕشی پرتەقاڵی بەهۆی ئەو ستەمە کۆمەڵایەتی و گەندەڵییە هاتەئاراوە کە ڕووسیا ئۆکرانیای ناچار بە پاشکۆبوون و ملکەچبوونی خۆی کردبوو. ئەم شۆڕشە دوای ساختەکاری هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٤ز ەوە هات کە ڤیکتۆر یانۆکۆفیتش سەرکەوتنی خۆی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ڕاگەیاند. ئەمەش بووە هۆی ناڕەزایەتی خەڵک و لە بەرانبەردا بەربژێری ئۆپۆزسیۆن ڤیکتۆر یوشتشینکۆیان کرد کە تانەی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دابوو. ئەم هەنگاوەی خەڵکی ئۆکرانیا بووە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی پرتەقاڵی ئاشتی خوازانە و وایکرد هەریەک لە ڤیکتۆر یوشتشینکۆ و یۆلیا تیمۆنشینکۆ بگەنە دەسەڵات. ساڵی ٢٠٠٦ز دووبارە یانۆکۆفیتش گەڕایەوە دەسەڵات، پاش ئەوەی بووە سەرۆک وەزیران، هەڵبژاردنێکی پێشوەختەی لە ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٧ز ئەنجامدا و دووبارە یۆلیا تیمۆنشینکۆ گەڕاوە دەسەڵات و بووە سەرۆک وەزیران و تا ساڵی ٢٠١٠ز لەم پۆستە مایەوە، واتا تاکو یانۆکۆفیتش بوو بە سەرۆکی ئۆکرانیا(الحمداني، ٢٠١٨، ص٣٤٦). ڕووسیا سەرکەوتووبوو لەوەی ڤیکتۆر یانۆکۆفیتشی لایەنگری خۆی لە ئۆکرانیا بگەیەنێتە دەسەڵات. بەم هەنگاوەشی ڕووسیا توانی دەسەڵاتدارانی ئۆکرانیا بخاتە ژێر فشاری خۆی و بەڵێنی یارمەتیدانی ئۆکرانیاشی بە یانۆکۆفیتشی سەرۆکی ئۆکرانیا دا و پێشنیازی بۆ کرد کە لە جیاتی ئەوەی بچێتە ناو یەکێتی ئەوروپا، بهێتە ناو یەکێتی گومرگی، بەڵام گەلی ئۆکرانیا ئەم پێشنیازەی ڕووسیایان ڕەتکردەوە و دەیانویست بچنە ناو یەکێتی ئەوروپا و لەهەژموون و باڵادەستی ڕووسیا دوور بکەونەوە. هەروەها هەوڵییاندا کە سەرۆکی وڵات ناچار بکەن بچێتە ناو ڕێکەوتنی هاریکاری و ناوچەی بازرگانی ئازاد لەگەڵ ئەوروپا. کەچی بە پێچەوانەی ویستی خەڵک حکومەتی یانۆکۆفیتش ڕایگەیاند کە پاشەکشەی کردووە لە ئامادەکارییەکانی بۆ واژۆکردنی ڕێکەوتنامەی هاوبەش و ڕێکەوتننامەی بازرگانی ئازاد لەگەڵ یەکیتی ئەوروپا و هەڵپەساردووە، کە ئەمەش لەژێر فشاری ڕووسیا دابوو. بەمەش ناڕەزاییەتییەکان زیادی کرد و دوو ڕۆژ پاشتر خۆپیشاندانێکی گەورەتر دەستی پێکرد. پارتەکانی ئۆپزسیۆنیش ڕۆڵێکی گرنگییان لە ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی خۆ پیشاندانەکان هەبوو(أبوزيد، ٢٠١٤، ص٣-٤). ئەم خۆ پیشاندان و بارگرژییانەی نێوان پارتەکانی ئۆپزسیۆن و دەسەڵات لە گۆڕەپانی گشتی لە کیێف (گۆڕەپانی ئەوروپی) بە هاندانی ئۆپۆزسیۆن لەلایەن ئەمریکا و ئەوروپا بەردەوام بوو و خۆپیشاندەران داوای دەست لەکارکیشانەوەی حکومەت و گۆشەگیرکردنی سەرۆک یانۆکۆفیتش و دووبارە هەڵبژاردنێکی نوێیان دەکرد، بەمەش بارودۆخەکە تەواو بەرەو گرژی ڕۆیشت(الحمداني، ٢٠١٨، ص٣٤٦). لە ئەنجامدا سەرۆکی ئۆکرانیا ڤیکتۆر یانۆکۆفیتش لە دەسەڵات لادرا، هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی سەر بە ڕۆژاوا لە پایتەختدا باڵادەست بوون و حکومەتێکی کاتییان پێکهێنا و ژمارەیەک لە دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی پێشوو بەرەو ڕووسیا هەڵاتن، بەمەش باڵادەستی

و نفوزی مۆسکۆ لە سەر حکومەتی کییف کۆتایی هات کە ئەمەش بەلای مۆسکۆ جێگای سەرسامی و قبوڵنەکراوبوو(کوفمان و اخرون، ٢٠١٧، ص ص ١٩-٢١).

ئەم ڕووداوە شەڕ و ئاژاوەکانی گەورەترکرد، بەهاندانی ڕووسیا بزوتنەوەیەکی ناڕازی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا لە (دۆنیتسک و لۆگانسک) یاخیبوونی خۆیان ڕاگەیاند و لە دژی حکومەتی ئۆکرانیا دەستیان بە شەڕکرد. ڕووسیاش بە بەکارهێنانی پرۆژە یاسایەکی کرملن کە دەڵێ:"بە پشتبەستن بە ویست و داواکاری گەلەکەی، دەکرێت هەر خاکێک بخرێتە سەر ڕووسیا و قبوڵیش بکرێت"، سیناریۆی ڕاپرسی بۆ مافی چارەی خۆنووسین لە قرم ڕاگەیاند و لە ٢٠١٤/٣/١٦ ئەم ڕاپرسییەی ئەنجامدا و لە ٢٠ مانگی ٣ی هەمان ساڵ ڤلادیمێر پۆتنی سەرۆکی ڕووسیا بە مەرسومێکی سەرۆکایەتی خستنەسەری قرمی بۆ سەر خاکی ڕووسیای فیدراڵ واژۆکرد، واتا لە وەڵامی کۆتایی پێهێنانی باڵادەستی مۆسکۆ لە سەر حکومەتی کییف، سەرەڕای دروستکردنی ئاژاوە بۆیان، ڕووسیا بەهێزی سەربازی نیمچە دورگەی قرمی داگیرکرد و بە فەرمی خستییە سەر ڕووسیا، بەڵام دانیشتوانی قرم کە موسڵمانی تەتەرن دژی بڕیارەکە وەستانەوە. قەیرانەکە دووبارە سەری هەڵدایەوە کاتێک لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئۆکرانیای ٢٠١٩ ڤلادیمێر زیلنسکی بە سەرۆکی وڵات هەڵبژێردرا ( Kirby and Guyer, 2022).

بەردەوامی هەوڵی ئۆکرانیا بۆ وەرگیرانی لە یەکێتی ئەوروپا و ناتۆ و هاندانی لە لایەن ئەوروپا و ئەمریکا، ڕووسیای زۆر هەراسان و تورەکرد، ئەوە بوو لە بەرەبەیانی پێنجشەممەی ڕۆژی ٢٤/ ٢/ ٢٠٢٢ کییف ڕایگەیاند کە مۆسکۆ دەستی بە پرۆسەی سەربازی کردووە و بە هێزی زەمینی هێرشی کردۆتە سەر خاکی ئۆکرانیا. ئەم هێرشەش ڕۆژێک دوای داواکاری هەردوو سەرۆکەکانی(دۆنیتسک و لۆگانسک) بوو لە سەرۆکی ڕووسی ڤلادیمێر پۆتن تاوەکو دەستتێوەردان بکات لەدژی دەست درێژی و دوژمندارێتی هێزەکانی ئۆکرانیا و پاراستنیان لە هێرشەکانیان(أمین و آخرون، ٢٠٢٢، ص٥). سوپای ڕووسیا پرۆسە سەربازییەکەی لە سێ میحوەرەوە بەرەو کییفی پایتەخت دەستپێکرد: لە باکوورەوە لە وڵاتی بیلاڕووسیا، لە باشوورەوە لە نیمچە دورگەی قرم و لە ڕۆژهەڵاتەوە لە هەرێمی دۆنباس کە تازە دانپێدانابوو(الطالب، ٢٠٢٢، ص١٥).

ئەم هێرشە پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ئۆکرانیا لە لایەک و ڕووسیا و ڕۆژاوای بەرەو قۆناغێکی خراپتر برد، هەوڵە دبلۆماسییەکان بۆ هێنانەکایەی ئاشتی دەرەنجامی ئەوتۆی نەبوو تا بارودۆخەکە هێوربکاتەوە، بەڵکو کێشەکە لە ناوخۆیی وڵاتی ئۆکرانیا(ململانێی نێوان لایەنگرانی ڕووسیا و دژبەرەکانی) گۆڕا بۆ شەڕی دوو وڵات.

هەوڵێکی زۆر درا بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئۆکرانیا، زۆرێک لە توێژەر و سیاسیییە ئەمریکییەکانیش چارەسەریان خستۆتەڕوو، بۆ نموونە: مایکل ئۆهینلون توێژەری گەورەی پەیمانگای برۆکینگ لە واشنتۆن پێی وایە کە هەروەکو پێشتر زۆر دەرفەت لەبەردەم دا هەیە بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری قەیرانی ئۆکرانیا، بۆیە پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان شتە خراپەکان کە ڕوویانداوە لەگەڵ ئەو ئەگەرە خراپانەی کە دەتوانین پێشیان لێ بگرین بەیارمەتی سیاسەتی ڕاستودروست(O'Hanlon, 2015).

لە ساڵی ٢٠١٥ز ئەو وڵاتە ئەوروپییانەی کە پەیوەندییان بە قەیرانەکەوە هەیە، بە بەشداری سەرۆکی ڕووسی ڤلادیمێر پۆتن و بیترۆ بۆرۆشینکۆی سەرۆکی ئۆکرانیا و سەرۆکی فەرەنسی فرانسوا هۆلاند و ئەنجێلا مێرکلی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا سەبارەت بە چارەسەرکردنی قەیرانی ئۆکرانیا لوتکەیەک بەسترا، ناویان لە لوتکەکەش نا لوتکەی چوارقۆڵی نۆرماندی، دەرەنجانی ئەم لوتکەیە لە ١٥ شوباتی ٢٠١٥ گەیشتن بە ڕیکەوتنێک لەسەر ئاگربەست لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا، لەو ڕێکەوتنەدا دەبوایە هەردوو لایەنی ڕووسی و ئۆکرانی چەکە قورسەکانیان لە (خط التماس) بکشێننەوە و ناوچەیەکی پارێزراو بە پانایی ٥ کیلۆمەتر دروست بکەن، بەڵام هێزە ڕاسترەوە توندڕەوە ئۆکرانییەکان ڕازی نەبوون لەسەر چەک داماڵین و هەوڵەکانیش شکستیان هێنا(موقع العهد الاخبارية ، ٢٠١٥).

## بەشی دووەم

## قەیرانی ئۆکرانیا و پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ڕۆژئاوا

قەیرانی ئۆکرانیا هۆکار و کاریگەری و لێکەوتەی زۆری لەسەر پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ڕۆژئاوا هەبوو. بە جۆرێک وا دەبینرێت کە ئەم کاریگەری و لێکەوتانە ببێتە سەرەتایەک بۆ دووبارە داڕێژرانەوەی هاوسەنگی هێز و سیستمی نێودەوڵەتی. لێرەدا بە چەند خاڵێک ئەوە باس دەکەین:

### باسی یەکەم

### کاریگەری قەیرانی ئۆکرانیا لەسەر پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ڕۆژئاوا

شەڕی ئۆکرانیا ڕاستەوخۆ هاوکات بوو لەگەڵ کۆتایی هاتنی ڤایرۆسی کۆڤید-١٩، کە بۆ ماوەی دوو ساڵ کاریگەری نەرێنی لەسەر ئابووری جیهان دانابوو. هێشتا بە تەواوی ئابووری جیهان چاک نەبووبوویەوە کە شەڕی ئۆکرانیای بەسەر داهات و هێندەی تر بووە هۆی هەڵاوسان و بەرزبوونەوەی سەرچاوەکانی وزەی جیهانی، کە ئەمەش بووە هەڵاوسان لەسەر بەروبوومی کشتوکاڵی. بەتایبەت لەگەڵ سەپاندنی سزا بەسەر زۆرێک لە کەرتە جیاوازەکانی ئابووری ڕووسیا و بانکی ناوەندی و یەدەگی دراوی لە دەرەوەدا. واتا ئابووری ڕووسی لەڕووی پارە و بازرگانییەوە بەهۆی ئەو سزا بەرفراوانەی کە لەلایەن ئەمریکا، وڵاتانی ڕۆژئاوا، کۆریای باشوور، ئوستڕالیا و یابانەوە بەسەری سەپێنراوە، لە بەرانبەریشدا وەک پەرچەکردار ڕووسیا لەبەرانبەریاندا، گەمارۆی خستە سەر وڵاتانی ڕۆژئاوای هاوپەیمانی ئەمریکا و بە بڕینی غاز، کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی پێ دەبەستن، سزایدان(المنشاوي، ٢٠٠٢). ئەو سزایانەی کە ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی خستییانە سەر ڕووسیای پاشگەز نەکردۆتەوە تاوەکو هێرش نەکاتە سەر ئۆکرانیا یاخود شەڕ ڕابگرێت. چونکە هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا بە ئامانجێکی جیۆستراتیژی بووە کە پەیوەستە بە پاراستنی گەورەیی پێگەی ڕووسیا ، هەروەها بەهیچ جۆرێک هاوپەیمانی سەربازی لە سەر سنوورەکانی خۆی قبووڵ ناکات و بە هەر نرخێک بێت هەژموونی خۆی دەسەپێنێ(بشارة، ٢٠٢٢). ئەم سەپاندنی هەژموونە دوولایەنەیە، چونکە وڵاتانی ئەوروپیش ڕووسیایان بە هەڕەشە بۆ سەر خۆیان یاخود ئەوروپا دەزانی، بە تایبەت دوای داگیرکردنی قرم (بیزارد و آخرون، ٢٠١٧، ص١٤). بەڵام دوای هێرشی ڕووسیا بۆسەر ئۆکرانیا هێندەیدی ترسییان لە ڕووسیا زیادی کرد، چونکە لە ڕووی ئاسایشەوە گۆڕانکارییەکی نێگەتیڤی ڕیشەیی لە ئەوروپا دروستکرد و نهێنی کەموکوڕی ئاسایشی وڵاتانی ناو یەکێتی ئەوروپای ئاشکراکرد. یەکێتی ئەوروپاش هەوڵیدا ئەو کەموکوڕیانە چاک بکاتەوە و چارەسەریان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش دوو بەڵگەنامەی دەرکرد، یەکەمیان ڕاگەیاندنی ڤێرسای کە لە ١١ مارسی ٢٠٢٢ز دەرچوو، دووەمیان بەڵگەنامەی(بەرەو ستراتیژیەتی بەهێزکردنی یەکێتی ئەوروپی لە بواری ئاسایش و بەرگری لەماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا) کە لە ٢١ مارسی ٢٠٢٢ دەرکرا. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بارودۆخێکی بێ متمانەیی لەلایەن خوودی وڵاتانی ناو یەکێتی ئەوروپاش دروستکرد. لە داهاتووشدا بگەنە ئەو باوەڕەی کە ڕووسیا وڵاتێکی گرنگە و ناکرێت کەنارگیر و پەراوێز بخرێت(رجب، ٢٠٢٢). کەواتە ئەو ململانێ و شەڕەی نێوان ڕووسیا و ئەمریکا و هاوپەیمانانی ڕاستی ئەو گریمانانەی تیۆری ڕیالیزم دەسەلمێنێت کە لە سیستمی نێودەوڵەتیدا پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەردەوام لە ململانێ و پشێوی دایە. دەسەڵات یان حکومەتێکی باڵا نییە بتوانێت ڕێگری لەم شەڕە بکات. هەروەها وڵاتانی ڕووسیا و ئەوروپا ترسییان بەرانبەر یەکتر هەیە و باوەڕیان بە یەکتر نییە و دەیانەوێت ئاسایشی خۆیان بپارێزن.

کریستۆف هیوسگن سەرۆکی کۆنفرانسی میونخ بۆ ئاسایش، سەبارەت بە هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، بابەتێکی شیکاری گرنگی لە گۆڤاری فۆڕین ئەفێرز بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا هاتووە: دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ کە بە قۆناغی تاک جەمسەری ناسرابوو، وڵاتانی ڕۆژئاوا لەم قۆناغەدا ویستیان لەڕێگای سیستمی نێودەوڵەتییەوە ڕووسیا لە قالب بدەن و لەگەڵ ئەو واقعە بیگونجێنن، بەڵام شەڕی ئۆکرانیا خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی گرنگ بوو کە کۆتایی بەو قۆناغە هێنا، بە واتای ئەوەی هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا بۆتە دوڕیانێک لەبەردەم سیستمی نێودەوڵەتی ئێستا کە چەند ڕێسایەکی دیاری کراوی هەبوون(الحرة، ٢٠٢٢).

ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە پەیوەندی نێوان ڕۆژاوا و ڕووسیا گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە و ڕووسیا هەوڵدەدات خۆی بسەلمێنێت و چیتر قبوڵی سیستمی تاک جەمسەری نەکات و وایکرد وڵاتانی ڕۆژاوا لەبەرانبەر ڕووسیا بە حیساباتی خۆیاندا بچنەوە . بەپێی گریمانەی تیۆری ڕیالیزمیش سیستمی دوو جەمسەری زیاتر سەقامگیرترە لە سیستمی تاک جەمسەری.

## باسی دووەم

## هۆکارەکانی قەیرانی ئۆکرانیا

قەیرانی ئۆکرانیا فرە ڕەهەندە و ڕەگوڕیشەیەکی قوڵی هەیە، ئەمەش لەخۆڕا نییە، بەڵکو چەندین هۆکار و فاکتەر هەن کە وای کرد ڕووداوەکان زووتر بێنەپێش و لەم سات و کاتەدا بتەقنەوە، کە دەکرێت لە چەند خاڵێکدا هەندێکیان بخەینەڕوو.

**یەکەم: هەڵەی ئەمریکا لە لاوازکردنی ئۆکرانیا لەبەرانبەر ڕووسیا بەهۆی چەک داماڵینەوە**

لەگەڵ ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت یەکێک لەو کێشانەی کە لەڕوانگەی ئەمریکا و ڕۆژاواوە پێویستی بە چارەسەرکردن هەبوو، کێشەی بوونی چەکی ئەتۆمی بوو لەلایەن هەرسێ کۆماری ئۆکرانیا، کازاخستان و بیلاڕووسیا. هەوڵی ئەمریکا بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیە ئەوەبوو کە ئەو چەکانە لەدەست سێ وڵات نەبێت، بەڵکو و لە دەست یەک وڵات کۆی بکاتەوە، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتێک ئاسانترە لە سێ وڵات. سەبارەت بەو بابەتە وەزیری دەرەوەی ئەمریکای ئەوکات جیمس بیکەر لە یاداشتەکانی خۆی باس لەو هەوڵ و ماندووبوونە دەکات کە کێشاوییەتی لە ڕازیکردنی ئۆکرانیا بۆ واژۆکردن لەسەر ڕێکەوتننامەی ستارت بۆ سنووردانان لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی لە ساڵی ١٩٩١ز، تاوەکو ئۆکرانیا لەچەکی ئەتۆمی دابماڵن و ببێتە وڵاتێکی نائەتۆمی. لێرەدا وا ڕێکەوتن ئەم چەکانە بدرێنە ڕووسیا، ئەمەش لەقازانجی ڕووسیا بوو، بەهۆیەوە ڕووسیا بووە تاکە وڵاتی ناو کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کە چەکی ئەتۆمی هەبێت(الربيعي، ٢٠١٦، ص ص١٥٧-١٥٨). ئەم هەنگاوەی ئەمریکا و ڕۆژاوا ئۆکرانیای لاوازکرد لە بەرانبەر ڕووسیا و بووە هۆی ئەوەی زلهێزەکان هەوڵی کەمەندکێش کردنی بدەن بەلای خۆیاندا یاخود ڕووسیا دەست درێژی بکاتە سەر و هەوڵی داگیرکردنی بدات. واتا لێرەدا خوودی ئەمریکا و ڕۆژئاوا ڕۆڵییان هەبووە لە لاوازکردنی ئۆکرانیا لەبەرانبەر ڕووسیا.

**دووەم: هاندان و ڕاکێشانی ئۆکرانیا لەلایەن ئەمریکا و ڕۆژاوا**

ئەمریکا بۆ ڕاکێشانی ئۆکرانیا، ئاسانکارییەکی زۆری بۆ کرد. بۆ نموونە لەگەڵ ئۆکرانیا بەیەکەوە بەڵگەنامەی هاوبەشی ستراتیژییان ڕاگەیاند کە جەخت دەکاتەوە لەسەر هاریکاری هاوبەشی بوارەکانی بەرگری، ئاسایش، ئابووری، بازرگانی، ئاسایشی وزە، پرسی دیموکراتی و ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری. هەروەها ئەمریکا و ئۆکرانیا بەیەکەوە ئەنجومەنی بازرگانی و وەبەرهێنانیان پێکهێنا ڕێککەوتن لەسەر هاوکاری بازرگانی، وەبەرهێنان، کارکردن لەسەر زیادکردنی دەرفەت و پابەندبوونی خۆیان بە ڕێکەوتنی وەبەرهێنانی دوولایەنە دووپات کردەوە، کە هەناردەکانی ئەمریکی وەکو ڕەژوو، ئامێرەکان، بارهەڵگر، بەرهەمەکانی کشتوکاڵی، ماسی، خۆراکە دەریاییەکان و فڕۆکە دەگرێتەوە. لەبەرانبەریشدا ئەمریکا هاوردەی ئاسن و مادە کیمیاییە نائەندامییەکان و نەوت و بەرهەمی کشتوکاڵی دەکات لە ئۆکرانیا(الربيعي،٢٠١٦، ص١٥٨). سەرەڕای ئەمەش ئەمریکا یارمەتی ئۆکرانیایداوە کە لە زۆر ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجومەنی هاوبەشی ئەوروپی ئەتڵەسی، ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری لە ئەوروپا، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی وەربگیرێت، ئەمانە بێجگە لەوەی کە ئۆکرانیا بووە ئەندامی ناچاودێر لە ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکی (O'Hanlon, 2015). ئەم هەوڵانەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ ئۆکرانیا بە مەبەستی دوور خستنەوەیانە لە ڕووسیا، نزیک بوونەوەی زیاتریانە لە سنووری ڕووسیا. کەواتە ئەو یارمەتی و هەوڵانەی ڕۆژاوا بۆ ڕاکێشانی ئۆکرانی لە بەرانبەر ڕووسیا بووە هۆی قووڵکردنەوەی کێشەکە. ئەمەش ڕووسیای زیاتر هاندا بۆ دەستپێکردنی شەڕ و هێرشی بۆ سەر ئۆکرانیا. چونکە ڕووسیا متمانەی بە ڕۆژئاوا نییە و لەلایەک هەوڵی پاراستنی ئاسیشی خۆی دەدات، لە لاکەیتر هەوڵی بەهێزبوونی زیاتر و سەپاندنی هەژموونی خۆی و بوون بە جەمسەرێکی نوێ دەدات کە تیۆری ڕیالیزمی ئاماژەی پێ داوە.

**سێیەم: مەترسی ڕووسیا لە چوونی ئۆکرانیا بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا**

ڕووسیا ئەو هەڵکشانەی یەکێتی ئەوڕوپا بەرەو ڕۆژهەڵات و هەوڵی چوونی ئۆکرانیا بۆ ناو یەکێتی ئەوڕوپا بە مەترسی بۆ سەر خۆی دەبینێت. چونکە دەرگا واڵا دەکات لەبەردەم وڵاتانی تریش کە بە مەبەستی پێشخستنی ئابوورییەکەیان یان

بەهێزکردنی ئاسایش و دامەزراوەکانیان بچنە ناو یەکێتییەکە. بەتایبەت ئۆکرانیا کە ئەندامە لە هاوبەشی ناتۆ لەپێناو ئاشتی(الربيعي، ٢٠١٦، ص١٥٦). دەکرێت بڵێین سیاسەتەکانی ئەمریکا و ڕۆژاوا لە ئۆکرانیا بوونەتە هۆی هەڵگیرساندنی ئاژاوە و ئاڵۆزکردنی بارودۆخی ئۆکرانیا. بۆ نموونە: لە کاتی دامەزراندنی حکوومەتی کاتی کە ئۆپۆزسیۆن دایمەزراند، هەر زوو ئەمریکا دانی پێدانا کە ئەمەش قەیرانەکەی ئاڵۆزترکرد. هەروەها ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەردەوام سزای نوێ دەخەنە سەر ڕووسیا بۆ سنووردانانی هەژموونی ڕووسیا، هەروەها ئەمریکا بەردەوام هانی ئەو وڵاتە ئەوروپییانەی داوە کە لەسەر ڕووسیا ئەژمار دەکرێن بۆ هاتنیان بۆ ناو ناتۆ، ئەمەش واتا بوونی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ڕووسیا(Herbst & Pifer, 2016 ). بۆیە ڕووسیا زۆر بەرژدی هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی دەکات ئەگەر ئۆکرانیا لە ناتۆ وەربگیرێت. هەڵدانی موشەکی زەبەلاحی ڕووسی لە کەنداوی مەکسیکیشەوە نامەیەکی ئاگادارکردنەوەی توندبوو لەبەرانبەر ئەو یارییەی کە بەکارتی ئاسایشی نەتەوەیی ڕووسی بکرێت(صقر، ٢٠١٤). بۆیە ڕووسیا دەیەوێت ڕێگری بکات لە فراوانخوازیی یەکێتی ئەوروپا یان فراوان بوونی ناتۆ(هاوپەیمانێتی باکوری ئەتڵەسی) بەرەو ڕۆژهەڵات یاخود ئەو وڵاتانەی کە بۆ ڕووسیا گرنگن، چونکە کێشە نەتەوەییەکانی ڕووسیا قوڵ دەکاتەوە. هەروەها فراوان بوونی ناتۆ واتا بڵاوکردنەوەی هێزی سەربازی ڕۆژاوا لەسەر سنوورەکانی ڕووسیای فیدراڵ، کە ئەمەش ئەگەری ئەوەی هەیە ئەمریکا قەڵغانی مووشەکی لەسەر خاکی پۆڵەندا و چیک بڵاو بکاتەوە،کە ئەمەش پێچەوانەی ئەو بەڵێنانەیە کە لەکاتی یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا بە ڕووسیا درابوو(الربيعي،٢٠١٦، ص١٥٧). کەواتە ڕووسیا لە پێناو پاراستنی ئاسایشی خۆی ڕێگرە لەبەردەم فراوان بوونی زیاتری یەکێتی ئەوڕووپا و چوونی وڵاتانی سنووری هەژموونی خۆی بۆ ناو ئەو یەکێتییە و ناتۆ.

**چوارەم: هەوڵی ئەمریکا لە دەست بەسەر داگرتنی ناوچەی ناوەندی یان ناوچەی دڵ و گەمارۆدانی ڕووسیا**

زانای ئەمریکی نیکۆڵاس سبیکمان دەڵێ: زۆر پێویستە کە هێزەکانی ڕۆژاوا بەسەرۆکایەتی ئەمریکا، لەڕێگای زنجیرەیەک هاوپەیمانێتی سەربازی و ئاسایشی یەکێتی سۆڤیەت دەورەبدەن کە باڵادەستە لەناوچەکانی پشتێنەی دەوروبەر و ڕێگری لێ بکەن و نەهێڵن بگاتە ئاوە گەرمەکان و لە ڕۆژاوای ئەوڕوپا بێتەژوورەوە، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیەی کە دەڵێت: ئەوەی لە ناوچەی پشتێنەی دەوروبەر باڵادەست بێت ئەوا حوکمی ڕووسیا دەکات، ئەوەی حوکمی ڕووسیاش بکات حوکمی چارەنووسی جیهان دەکات و تێیدا باڵا دەست دەبێت. ناوچەی پشتێنەی دەوروبەریش ناوچەکانی ئەوڕوپا و بیابانی دورگەی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا بەتایبەت نیمچە کیشوەری هندی و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەگرێتەوە.

سیاسەتی گەمارۆدانیش کە لەلایەن دیپلۆماسی ئەمریکی لە یەکێتی سۆڤیەت جۆرج کینانەوە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، سەردەمی سەرۆکایەتی هاری ترومان نەخشەی بۆ کێشرا و بووە بەشێک لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە جەنگی سارددا. ئەم سیاسەتە بریتی بوو لەوەی کە ئەمریکا لەڕێگای وڵاتە دۆست و هاوپەیمانەکانی خۆی کە لەڕووی جوگرافییەوە شوێنیان کەوتۆتە ناو پشتێنەی دەوروبەر و نزیک و هاوسنووری یەکێتی سۆڤیەتن، گەمارۆی یەکێتی سۆڤیەت بدات، جا لەسەر ئەم بنەمایە ئەمریکا گەمارۆی ئەو هێزەیدا کە لەناوچەکانی ئۆراسیا باڵادەست بوو(Spykman,1943, p 45).

ئەمە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت بوو کە ئەوکات شەڕی سارد لە نێوان ڕۆژاوا بە سەرکردایەتی ئەمریکا لە بەرانبەر سۆڤیەت بوو تا روخانی یەکێتی سۆڤیەت. دوای دووبارە هاتنەوە مەیدانی ڕووسیا وەک زلهێزێکی نێودەوڵەتی، هەمان هەوڵی ئەمریکا و ڕۆژاوا بەرانبەر ڕووسیا بەردەوام بوو. ئەمریکا و ئەوڕوپا هەوڵدەدەن ڕووسیا گەمارۆ بدەن، بەڵگەش بۆ ئەمە هەوڵدانیانە لە هێنان و وەرگرتنی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە یەکێتی ئەوڕوپا و ناتۆ، بۆ نموونە: بولگاریا و سلۆڤاکیا ئەندامێتی تەواویان لە یەکێتی ئەوڕوپا وەرگرت، تەنها دوو وڵات ماون، ئەوانیش ئۆکرانیا و بیلاڕووسیان کە تا ئێستاش لە یەکێتی ئەوڕوپا نەبوونەتە ئەندام. بە ئەندام بوونی ئەم دوو وڵاتەش وا دەکات ڕووسیا نفوز و دەسەڵاتی لە ناوچەی ناوەندی نەمێنێ، جا ئەگەر یەکێتی ئەوڕوپا سەرکەوتوو بێت لە هێنانی ئەو دوو وڵاتە تەنانەت بەتەنها ئۆکرانیا بۆ ڕیزی خۆی، ئەوا تەرازووی هێز لەبەرژەوەندی خۆی یەکلا دەکاتەوە و ئەو شوێنەی کە ناوچەی ناوەندی یان ناوچەی دڵی پێ دەگووترێت و تایبەتمەندی ستراتیژی دەداتە هێزی وشکانی ڕووسی لەدەست ڕووسیا دەردێنێ و دەروازەی ڕۆژهەڵات دەکاتە دەروازەی هەڕەشە بۆ سەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا سەرکەوتوو دەبێت لە هێنان و وەرگرتنی ئۆکرانیا لە ڕێکخراوی ئابوری و ئاسایشی ئەوڕوپی ئەتڵەسی و گەیشتنی ڕۆژاوا بە سنوورەکانی ڕووسیا(الحمداني، ٢٠١٨، ص ص٣٥٢-٣٥٣).

لێرەدا ئەمەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ڕۆژاوا بە سەرکردایەتی ئەمریکا لەمێژە نەخشەی بۆ گەمارۆدانی ڕووسیا پێشتریش یەکێتی سۆڤیەت کێشاوە و هەوڵی بێ هێزکردن و دابڕاندنی دەدات، هەروەک تیۆری ڕیالیزم باسی لێوە دەکات لە سیستمی نێودەوڵەتیدا پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەردەوام لە ململانێ و پشێوی دان.

باسی سێیەم

لێکەوتە کانی قەیرانی ئۆکرانیا، سەبارەت بە ڕۆژاوا و ڕووسیا

لێکەوتەکانی قەیرانی ئۆکرانیا دابەش دەکەینە سەر دوو شێواز، ئەوانیش لێکەوتە سیاسییەکان و لێکەوتە سەربازییەکانە، لێرەدا بەجیا باسی هەر یەکێکیان دەکەین:

یەکەم: لێکەوتە سەربازییەکانی قەیرانی ئۆکرانیا

دوای ئەوەی سەرۆکی ئۆکرانیا وڵاتانی ڕۆژاوای تۆمەتبار کرد بەوەی وەک پێویست لە شەڕ بەرانبەر ڕووسیا یارمەتی نادەن، ڕۆژاوا بە سیاسەتی خۆی داهاتەوە و دەستیکرد بەهاریکاری کردنی ئۆکرانیا ئەویش بە ناردنی چەک و کەلوپەلی سەربازی، بۆ نموونە: ئەمریکا بە بڕی ٦٥٠ ملیۆن دۆلار چەکی بەخشییە کییێف، ئەڵمانیاش هەزار موشەکی دژەتانک و پێنج سەت موشەکی زەمین ئاسمانی لە جۆری ستێنگەر و نۆ تۆپهاوێژی لە جۆری هاوتزەری بەخشییە ئۆکرانیا، دواتر یارمەتی فەڕەنسا، بەلجیکا، هۆڵەندا و سویدی هەریەکە بە بڕێکی دیاریکراو بەدوا داهات و ناتۆش هێزەکانی خۆی لە نزیک سنوورەکانی ئۆکرانیا لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات بڵاوکردەوە(أمین و آخرون، ٢٠٢٢، ص ص٢٩-٣٠). بە هەمان شێوەش ڕاوێژکاری ئەڵمانی ئۆلاف شۆڵتز دەڵێت: شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا خاڵی وەرچەرخانی مێژووییە، بۆیە لەسەر ئەڵمانیا پێویستە خەرجی بەرگری زیاد بکات بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەوروپا و ڕۆڵی سەرەکی لە چارەسەرکردنی ململانێیە نێودەوڵەتییەکان ببینێت (الحرة، ٢٠٢٢).

وڵاتی سویدیش پارەیەکی زۆری بۆ بواری سەربازی تەرخان کرد و حکومەتەکەشی ڕایگەیاند کە پێویستە هاوڵاتیان بۆ چەند مانگێک پێویستی و کەلوپەلیان بکڕن. پەیمانگای ستۆکهۆڵمی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەی ئاشتی(سایبری) کە چاودێری خەرجی سەربازی لە هەموو جیهان دەکات ئەوەی خستەڕوو کە لە مێژووی سەربازیدا ساڵی پار جیهان زۆرترین خەرجی کردووە، هەروەها خەرجی سەربازی ساڵی ٢٠٢٣ بەڕێژەی 6.8٪ بە ساڵی ڕابردوو زیادی کردووە، لەناو ئەو وڵاتانەش ئەمریکا بە پلەی یەکەم دێت کە بڕی خەرجییەکەی ٩١٦ ملیار، ئینجا چین دێت کە بڕی خەرجییەکەی ٢٩٦ ملیارە دوای ئەویش ڕووسیا دێت کە بڕی خەرجییەکەی ١٥٩ ملیار دۆلارە، کەچی خەرجی سەربازی هەر ٣١ وڵاتی ناو ناتۆ بۆ ساڵی ٢٠٢٣ گەیشتە ١٣٤١ ملیار(بلیۆنێک و سێ سەت و چل و یەک ملیار) دۆلار کە دەکاتە 55٪ خەرجی سەربازی هەموو جیهان(الجزیرة نت، 2024). ئەم خۆ پڕچەک کردن و خۆ ئامادە کردنەی وڵاتانی ئەوروپا و هاریکاری کردنی ئۆکرانیا لەبەرانبەر ڕووسیا ترسی ئەوروپا پیشان دەدات لە بەرانبەر ڕووسیا، هەروەها هەستکردنیان بەوەی ئەم شەڕە درێژە بخایەنێت و زوو کۆتایی پێ نەیەت. هەروەها هەبوونی ترس لە ڕووسیا لەوەی دەستبکات بە فراوانخوازی لەسەر حیسابی ئەوروپا.

ئەم قەیرانە بووە سەرەتایەک بۆ هاتنەوە مەیدانی ئەڵمانیا لەڕووی سەربازی و چەکەوە. بۆ نمونە، وەزیری دارایی ئەڵمانیا ڕایگەیاند: "ئەگەر وڵاتەکەی باشترین چەک و تفاقیشی نەبێت، بەڵام ئامادەیە و زیاتریش هەوڵدەدات ببێتە بەهێزترین سوپای ئەوروپا، ئەوە ئامانجی من و وڵاتەکەشمە". ئەم بڕیارەی ئەڵمانیاش یەکەم بڕیاری لەم جۆرەیە کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە درابێت و پێدەچێت سەرەتایەک بێت بۆ گەڕانەوەی سوپای ئەڵمانیا بۆ گۆڕەپانی ئەوروپی و سەرەتایەکیشە بۆ ئەوەی کیشوەری ئەوروپی بچێتە ناو پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی ڕووسی. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە یەکەم جارە لەژێر سێبەر و خواستی ئەمریکا، ئەوروپا هەوڵبدات لەڕووی سەربازییەوە پشت بەخۆی ببەستێت. لە ئێستادا ئەمریکا سەرنجی لەسەر باسفیکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی چین، بەو هۆیەشەوە ئەگەری ئەوەی هەیە لە ئەوروپا دەربچێت و ئەرکی هاوسەنگی هێز لە بەرانبەر ڕووسیا بخاتە ئەستۆی هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی، کەوا بێت دەبێت هاوپەیمانەکانی بە باشی ئامادە بکات لەبەرانبەر هێزی سەربازی ڕووسیا، ئەگەرنا ئاسایش و سەروەری وڵاتانی ئەوروپی جێگای مەترسییە و ئەگەری تێکچوونی هەیە(MAÇÃES, 2022).

ئەڵمانیا بۆ خۆپاراستن لە شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا چەند هەنگاوێکی گرنگی هاویشت، ئەم شەڕە لەسەر هەردوو ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو بۆ ئاسایش و سیاسەتی دەرەوە و بواری سەربازی ئەڵمانیا و بووە هۆی ئەوەش کە ئەڵمانیا هەڵوێستێکی نوێی هەبێت و گرنگییەکی زۆر بە هەردوو لایەنی سەربازی و پیشەسازی سەربازی بدات. سێ ڕۆژ دوای هێرشەکەی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا ئۆلاف شۆڵتزی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا شێوازێکی نوبی هێزی ڕەقی ڕاگەیاند و بڕی سەت ملیار یۆرۆش زیاتر وەک خەرجی هێزی چەکداری ئەڵمانیا خستەڕوو وەک نوێکردنەوەی سوپای ئەڵمانیا (المركز الاوروبي لدراسات مكافحة الارهاب و الاستخبارات، ٢٠٢٣). هەروەها ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لە بەرانبەر پەرلەمانی وڵاتەکەی ئەوەشی ڕاگەیاند: "ئێمە دوای دەستپێکردنی داگیرکاری ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانی چوینە ناو قۆناغێکی نوێ، ئایا دەکرێت ڕێگا بە پۆتن بدرێت میلی کاتژمێر بەرەو دواوە بگێڕێتەوە؟، پێویستە هێزەکانمان بەپێی پێویست کۆبکەینەوە تاوەکو سنوورێک بۆ بازرگانانی شەڕی وەکو پۆتن دابنێین" (كونولی، ٢٠٢٢ ).

ئەمانە ئەوە دەردەخات کە شەڕی ئۆکرانیا بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی بەشێکی وڵاتانی ئەوروپا لە بەرانبەر ڕووسیا و پشت بەخۆ بەستنیان. هەروەها گۆڕان لە سیاسەتی ئەمریکا لەبەرانبەر ئەوڕوپا بەتایبەت ئەڵمانیا کە تا ئەم شەڕە ڕێگای پێ نەداوە ئەڵمانیا بەم جۆرە هەوڵی خۆ پڕ چەک کردن و ڕێکخستنەوە و بەهێزکردنی سوپاکەی بدات.

**دووەم: لێکەوتە سیاسییەکانی قەیرانی ئۆکرانیا سەبارەت بە ڕۆژاوا**

قەیرانی ئۆکرانیا کۆمەڵێک لێکەوتەی سیاسی سەبارەت بە ڕۆژاوا لێکەوتەوە کە هەریەکیان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پەیوەندیی و گەورەبوونی کێشەکە هەبوو، لەوانەش:

**١- جیاوازی هەڵوێستی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بە ڕووسیا**

بەپێی ڕاپۆرتی ئەنجومەنی ئەوروپی بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، وڵاتانی ئەوروپا سەبارەت بە قەیرانی ئۆکرانیا لە نێوان خۆیاندا هاوڕا نین و دابەش بوون و نەیانتوانیوە هەڵوێستێکی یەکگرتوویان هەبێت سەبارەت بە پرۆسە سەربازییەکەی ڕووسیا. بۆ نموونە: وڵاتانی پۆڵەندا و سوید و فنلەندا فشارێکی زۆریان بۆ سەر یەکێتی ئەوڕوپا دروستکرد تاوەکو هەڵوێست و وەڵامێکی بەهێز بەرانبەر بەڕووسیا سەبارەت بە هێرشکردنە سەر ئۆکرانیا پیشان بدات. کەچی فەڕەنسا و ئەڵمانیا لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان لەگەڵ مۆسکۆ پێیان باش نەبوو بابەتەکە گەورە بکرێت و ڕووبەڕووی مۆسکۆ ببنەوە، کە ئەمەش لە بەرژەوەندی مۆسکۆ بوو(أمين و آخرون، ٢٠٢٢، ص١٣٢). هەڵوێستی هەموو وڵاتانی ئەوروپی لە بەرانبەر ڕووسیا وەک یەک نییە، بەمەش ئەگەری ئەوەی هەیە قەیرانی ئۆکرانیا ببێتە هۆی تێکدانی ئەو سیستمە نێودەوڵەتییەی کە هەموو وڵاتان لەسەری ڕێککەوتوون و دووبارە سیستمی هێزە نێودەوڵەتییەکان دابەش بکاتەوە، ڕووسیاش هەر لە ساڵی ١٩٩١ز ەوە هەوڵی هەڵوەشانەوەی تاک جەمسەری دەدات کە لەوەتەی یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشاوەتە ئەم سیستمە تاک جەمسەرییە هاتۆتەکایەوە کە ئەمریکا ڕابەرایەتی دەکات. جا کاتێک مۆسکۆ لەبەرچاوی ڕۆژاوا هێرش دەکاتە سەر ئۆکرانیا، ئەوانیش هیچ پەرچەکردارێکی ڕاستەوخۆ و بەهێزیان نییە بەرانبەری، ئەوا دانپێدانەکی ڕوون و ئاشکرایە کە یەکڕیزی سیستمی نێودەوڵەتی وەک خۆی پتەو و یەکگرتوو نەماوە و پاشەکشەی کردووە(حسن ابو طالب، ٢٠٢٢).

وڵاتانی ئەوڕوپا بەهۆی شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا هەڵوێستی جیاوازییان بۆ دروست بوو کە هەر یەکێک لەم وڵاتانە لە سۆنگەی بەرژەوەنییەکانی خۆیەوە بۆ شەڕەکە دەیڕوانی، ئەم هەڵوێست جیایەی وڵاتان لە بەرژەوەندی ڕووسیادایە و نەیانتوانی یەکدەنگ بەر لەشەڕەکە بگرنەوە و ڕووسیا ناچار بە شەڕ ڕاگرتن بکەن.

**٢- هاتنەپێشەوەی ڕاستڕەوە توندڕەوەکانی ئەوروپا**

لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا ڤلادیمێر پۆتنی سەرۆکی ڕووسیا هەوڵیدا تۆڕێکی کاریگەر لەناو یەکێتی ئەوڕوپا دروست بکات بۆ کەمکردنەوەی ترس لە ڕووسیا(ڕووسۆفۆبیا) کە لە ئەوڕوپا بڵاوبۆتەوە، ئەمەش هۆکاری مێژوویی لەدواوەیە. پۆتن دەیویست بەهۆی ئەم تۆڕە پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ئەوڕوپا ببەستێ کە ئەمەش هەمان ستراتیژییەتی سەردەمی سۆڤیەت بوو، بەڵام لەسەردەمی سۆڤییەت ئەو پەیوەندییە لەگەڵ پارتە شیوعییە تەقلیدییەکان و بزووتنەوە چەپە نوێییەکان بوو، کەچی پۆتن لە بزوتنەوە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان نزیک دەبێتەوە چونکە ڕوانگە و دیدگەی هاوبەشیان سەبارەت بە جیهان هەیە کە دەوەستێتە سەر بەهای ئایینی مەسیحی و ڕەتکردنەوەی لیبڕالی توندڕەو و

جیهانگیری ڕۆژاوا و یەکێتی ئەوڕوپا. ئەمانە وایکرد هاوپەیمانێتییەک دروستبێت و دوای شەڕی قرم(کریما) لە ٢٠١٤ بزوتنەوە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان کۆنگرەی ساڵانەی خۆیان لە شاری سان پترسبۆرگ لە مانگی پێنجی ساڵی ٢٠١٥ گرێبدەن، دواتر لە نەمسا و ئیتاڵیا و پۆڵەندا و مەجەڕ ئەو پارتانە گەیشتنە دەسەڵات و لە ئەڵمانیا و فەڕەنساش لە هەڵبژاردنەکانیان دەستکەوتی باشیان هەبووە(نظیف، ٢٠٢٢).

ئەم شەڕە ژینگەیەکی گونجاوە بۆ بەرزبوونەوەی جەماوەرێتی ڕاستڕەوە توندڕەوەکانی ئەوروپا و دروستکردنی هەڕەشە لەسەر دیموکراتییەتی ڕۆژاوا یان ئەوڕوپا بە گشتی و هەڵبژاردنەکانی هەریەک لە فەڕەنسا و ئەڵمانیا بەتایبەتی. چەندی ڕۆژاوا لەبەرانبەر مۆسکۆ پاشەکشە بکات ئەوەندەش دەرفەتی زیادبوونی جەماوەری پارتە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان هەیە. لە هەڵبژاردنەکانە پەرلەمانییەکانی ئەوروپا بە تایبەت ساڵی ٢٠١٩ز یش، تێبینی ئەوە دەکرێ لە چەند وڵاتێکی ئەوڕوپی وەکو بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا کە وڵاتی گەورەن، بەبەردەوامی پارتە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان دێنەپێش(المرکز الاوروبي لدراسات مكافحة الارهاب و الاستخبارات، ٢٠٢٠).

ئەم شەڕەی ڕووسیا و ئۆکڕانیا ئەگەر لەسەر ئاستی کورت مەودا کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر پارتە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان هەبێت، ئەوا لەسەر ئاستی درێژ مەودادا لەبەرژەوەندی ئەواندایە، چونکە بەردەوامی سزا ئابورییەکانی سەر ڕووسیا دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی نرخی سووتەمەنی ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەل و خۆراک بەمەس چینی کرێکار زەرەرمەند دەبن کە ویست و وەلائیان بۆ پارتە راستڕەوە توندڕەوەکان هەیە، جا بەرزبوونەوەی نرخی شتومەک بەهۆی شەڕ وا دەکات چینی کرێکار ناڕازی بن و بێنە سەر شەقام و لەکۆتاییشدا بەهۆی سندوقەکانی دەنگدان و هەڵبژاردنەوە دێنەوە سەر دەسەڵات(نظیف، ٢٠٢٢). کەواتە ئەوڕوپا بەهۆی زیادبوون و هاتنەپێشی ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە مەترسی پاشەکشەی دیموکڕاسی دایە، بەمەش ئەگەری توندوتیژی و شەڕ زیاتر دەبێت، ئەمەش لە ئەنجامی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و کاریگەری لەسەر وڵاتانی ئەوڕوپا.

٣- دروستبوونی کێشەی کۆچەرە ئۆکڕانییەکان لە ئەوڕوپا

ڕاستڕەوە توندڕەوەکان هەم دژایەتی کۆچەری نوێ، هەمیش دژایەتی ئەوانەش دەکەن کە ئێستا نیشتەجێی وڵاتەکەیانن و پێشتر کۆچەربوون(المرکز الاوروبي لدراسات مكافحة الارهاب و الاستخبارات، ٢٠٢٠)، نزیکەی سێ ملیۆن پەنابەریش بەهۆی قەیرانی ئۆکڕانیا و هێرشی ڕووسیا بۆ سەر وڵاتەکەیان ڕوویان لە وڵاتانی ئەوڕوپا کرد، کە ئەمەش بووە هۆی هەڵاوسان و بارگرانی بۆ سەر هاوڵاتییان و دابەزینی ئاستی ژیانی خەڵکی ئەوڕوپا، ئەمەش لە سوودی ڕاستڕەوە توندڕەوەکانی ئەوروپا بوو(ألفريد كامر، و آخرون، ٢٠٢٣).

قەیرانی ئۆکڕانیا گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە ستراتیژیەتی ئاسایشی ئەوڕوپا دروستکرد، چەندی ئەو قەیرانە درێژە بکێشێ ئەوەندەش شەپۆلی کۆچەرە ئۆکڕانییەکان ڕوو لە وڵاتانی یەکێتی ئەوڕوپا دەکەن، جا کە ئەو شەڕە درێژەی کێشا و تا نووسینی ئەم توێژینەوەیەش هەروا بەردەوامە، کۆچەرێکی زۆری ئۆکرانیا ڕووی لە وڵاتانی یەکێتی ئەوڕوپا کردووە، ئەوڕوپاش نایەوێت ئەم شەڕە بەردەوام بێت چونکە لەڕووی ئابوورییەوە توانای وەرگرتن و پێشوازی ئەو ژمارە زۆرە کۆچەرەی نییە (المركز الأوروبي لدراسات مكافحة الإرهاب والاستخبارات، 2022). بەپێی خەمڵاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕەوە تا ئێستا زیاتر لە چوار ملیۆن هاوڵاتی ئۆکڕانی وڵاتی خۆیان جێ هێشتووە و ڕوویان لە وڵاتانی تر کردووە، کە بە بەردەوام بوونی ئەم شەڕە ئەگەری زیادبوونی ئەم ژمارەیە هەیە، تەنها لە ساڵی یەکەمی شەڕی ئۆکرانی و ڕووسیا بە بڕی نزیکەی سی ملیۆن یۆڕۆ پارە بۆ هاریکاری و بەهاناوەچوونی کۆچبەران خەرج کراوە(مركز المستقبل للأبحاث والدراسات المتقدمة، 2022). کەواتە وڵاتانی ئەوڕوپا بە هۆی ئەم شەڕەوە فشارێکی زۆری کۆچی کۆچەرانی کەوتۆتە سەر و بارگرانی ئابووری و مەترسی تێکچوونی ئاسایشی وڵاتیان کوتۆتە سەر. چونکە زیاد بوونی ژمارەی کۆچبەر و پەنابەران لە وڵاتەکانیان ژیانی تاک و هاوڵاتییان سەخت و زەحمەتتر دەکات، ئەمەش زیاتر دەبێتە هۆی هاتنەپێشەوەی ڕاستڕەوە توندڕەوەکان.

## دەرەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند دەرەنجامێک، گرینگترینی ئەمانەن:

- هێرشی ڕووسیا بۆسەر ئۆكرانیا، كاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییەكانی نێوان ورۆژاوا و ڕووسیا هەبوو.وڵاتانی ئەوروپا، رووسیا بە هەرەشە بۆ سەر خۆیان دەبینن.

-هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆكرانیا نهێنی كەموكوری لە ئاسایشی وڵاتانی ناو یەكێتی ئەوروپا خستەروو، چونكە وڵاتانی ئەوروپا سەبارەت بە قەیرانی ئۆكرانیا لە نێوان خۆیاندا هاورا نەبوون و دابەش بوون و نەیانتوانی هەڵوێستێكی یەكگرتوویان هەبێت سەبارەت بە پرۆسە سەربازییەكەی ڕووسیا، ئەمەش بارودۆخێكی بێ متمانەیی لەلایەن خوودی وڵاتانی ناو یەكێتی ئەوروپا دروستكرد.

-وڵاتانی ناو یەكێتی ئەوروپا هەوڵیاندا خۆیان پڕچەک بكەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی ڕووسی، ئەمەش ئەوەی دەرخست كە یەكەم جارە لەژێر سێبەر و خواستی ئەمریكا، ئەوروپا هەوڵدەدات لەڕووی سەربازییەوە پشت بەخۆی ببەستێت.

-بەهۆی بارودۆخی شەڕی ئۆكرانیاوە، ژینگەیەكی گونجاو بۆ هاتنەپێشەوەی ڕاستڕەوە توندڕەوەكانی ئەوروپا دروست بوو و ئاستی جەماوەرییان بەرزبوویەوە كە هەرەشەن لەسەر ئەوروپا بەگشتی.

-دروست بوونی قەیرانی كۆچبەران لە ئەوروپا، كە ئەمەش كێشەی ئاسایشی بەدوای خۆی داهێنا.

## سەرچاوەكان

**المصادر العربية**

**الكتب :**

- أحمد أمين و اخرون، الازمة الاوكرانية و تداعياتها على المستقبل النسق الدولي، المركز الديمقراطي العربي، للدراسات الاستراتيجية و السياسية و الاقتصادية، المانيا/ برلين.

**البحوث العلمية:**

فيرونيكا حليم، جيوبولتيک السياسة الخارجية الروسية، دراسة في أثر الجيوبولتيک في علاقة روسيا بدول الجوار، كلية الدراسات الاقتصادية و العلوم السياسية جامعة الاسكندرية، العدد(٨)، المجلد(٤)، الصفحات(١٤٥-١٧٨)، ٢٠١٩.

كوثر عباس الربيعي، الأزمة الاوكرانية و العلاقات الروسية-الأمريكية التاريخ و الجيوستراتيجية، جامعة النهرين، مجلة العراقية، العدد( 46-45) ، الصفحات ( 149-172)، ٢٠١٦.

محمد صادق جميل الحمداني،الأزمة الأوكرانية و أثرها على مستقبلها الجيوبولوتيكي، مجلة كلية التربية الأساسية، العدد( ١٠١)، المجلد( ٢٤)، الصفحات (٣٤١-٣٥٦)، ٢٠١٨.

**المصادر الاكترونية:**

-الاكبر في التاريخ.. 2.5 ترليون دولار نفقات العالم العسكرية العام الماضي. الجزيرة نت، 22/ 4/ 2024، https://www.aljazeera.net/news/2024/4/22/%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%83%D8%A8%D8%B1-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%A7%D8%B1%D9%8A%D8%AE-%D9%86%D9%81%D9%82%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%A7%D9%84%D9%85 ،
تاريخ الزيارة: 15 /٨/ 202٤.

- أحمد محمد أبوزيد، الأزمة الاوكرانية و الحرب الباردة الجديدة، في فهم الواقع الدولي، معهد العربية للدراسات، (٢٦مارس٢٠١٤)، https://www.fateh-gaza.com/post/32085 ، تاريخ الزيارة: 2023/12/٥.

احمد نظيف، انعكاسات الحرب الاوكرانية على اليمين المتشدد الاوروبي و مستقبله السياسي، مركز الامارات للسياسات، (2022/5/31)، https://www.epc.ae/ar/details/featured/aineikasat-alharb-al-uwkrania-ala-alyamin-almutashadid-al-uwrubiy-wamustaqbalih-alsiyasi ، تاريخ الزيارة: 15 /٨/ ٢٠٢٤.

- إيمان رجب، "ترتيبات الامن الاوروبي على ضوء الحرب الروسية-الاوكرانية.. ابعاد التأثير و مساومات المستقبل"، مركز تريندز للبحوث و الاستشارات،( ٩ أغسطس ٢٠٢٢)، https://apa-inter.com/post.php?id=4634 ، تاريخ الزيارة: ١٢/٨/ ٢٠٢٣.

- ارشيف موقع العهد الاخبارية، قمة رباعية النورماندي، بشأن أوكرانيا و تواصل أعمالها في مينسك، (٢٠١٥/٠٢/١٢)، https://archive.alahednews.com.lb/details.php?id=107145 ، تاريخ الزيارة: ٨/2023/12.

- ألفريد كامر و اخرون، الحرب في أوكرانيا و أصداؤها عبر مختلف مناطق العالم، (١٧ مارس ٢٠٢٢)، https://www.imf.org/ar/Blogs/Articles/2022/03/15/blog-how-war-in-ukraine-is-reverberating-across-worlds-regions-031522، تاريخ الزيارة: ١٢/٨/ ٢٠٢٣.

- "تداعيات الأزمة الأوكرانية على الاقتصادات الأوروبية في الأمد القصير"، مركز المستقبل للأبحاث والدراسات المتقدمة، 17 مارس/آذار 2022)، https://futureuae.com/ar-AE/Mainpage/Item/7165/%D8%A7%D8%B1%D8%AA%D8%AF%D8%A7%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%82%D9%88%D8%A8%D8%A7%D8%AA-%D8%AA%D8%AF%D8%A7%D8%B9%D9%8A%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B2%D9%85%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%88%D9%83%D8%B1%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A9-%D8%B9%D9%84%D9%89-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%88%D8%B1%D9%88%D8%A8%D9%8A%D8%A9-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%85%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D9%82%D8%B5%D9%8A%D8%B1، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٤/٩/١٦.

- تداعيات الأزمة الأوكرانية على سياسات أوروبا الدفاعية"، المركز الأوروبي لدراسات مكافحة الإرهاب والاستخبارات، 7 /٥/ 2022، https://www.europarabct.com/%d8%a7%d9%84%d8%a3%d8%b2%d9%85%d8%a9-%d8%a7%d9%84%d8%a3%d9%88%d9%83%d8%b1%d8%a7%d9%86%d9%8a%d8%a9-%d9%80-%d8%a7%d9%84%d8%aa%d8%ad%d9%88%d9%84-%d9%81%d9%8a-%d8%b3%d9%8a%d8%a7%d8%b3%d8%a7%d8%aa/ ، تاريخ الزيارة: 15 /٨/ ٢٠٢٤.

-تركي صقر، مفاعيل الأزمة الأوكرانية على الموقف الروسي!، (٢٠١٤/١١/٢٣)، https://syriandays.com/?page=show_det&select_page=53&id=41656، تاريخ الزيارة: ٧/2023/12.

-حسن ابو طالب، حرب اوكرانيا و حدود التغيير المنتظر في النظام الدولي، مركز الاهرام للدراسات السياسية و الاستراتيجية، (٢٧ /١٢/ ٢٠٢٢)، i-https://acpss.ahram.org.eg/News/17723.aspx?fbclid=IwAR0qvN3huMP12qfMHX0ViOJ5yDJUoiB9TSV2FTJr1XFMQGBGOcLp0XJqU، تاريخ الزيارة: ٣/2023/12.

-ستيفاني بيزارد، أندرو رادين و آخرون، العلاقات الاوروبية مع روسيا: تصورات التهديد و الاستجابات و الاستراتيجيات في اعقاب الازمة الاوكرانية، كاليفورنيا، مؤسسة راند، ٢٠١٧، https://archive.org/details/2017_20220316_202203/page/13/mode/2up ، تاريخ الزيارة: ١٢/١٥/ ٢٠٢٣.

-الغزو الروسي لاوكرانيا نقطة تحول التاريخية في العلاقات الدولية، الحرة/ترجمات-واشنطن، (١٣ مايو ٢٠٢٢)،

https://www.alhurra.com/ukrainewar/2022/05/13/%D8% ، تاريخ الزيارة: ١٢/١٤/ ٢٠٢٣.

-كيفين كونولي، "غزو روسيا لأوكرانيا: كيف كشف "هشاشة" السلام في أوروبا؟"، بي بي سي، (10 مارس/آذار 2022)، https://www.bbc.com/arabic/world-60693436، تاريخ الزيارة: ١٢/٢٩/ ٢٠٢٣.

-مايكل كوفمان و اخرون، عبر من عمليات روسيا في شبه جزيرة القرم"، مؤسسة RAND، كاليفورنيا، (٢٠١٧)، https://www.rand.org/content/dam/rand/pubs/research_reports/RR1400/RR1498/RAND_RR1498z1.arabic.pdf، تاريخ الزيارة: ١٢/١٢/ ٢٠٢٣.

-محمد المنشاوي، ما مدى تأثير حرب روسيا و أوكرانيا على الاقتصاد العالمي؟..، (٢٠٢٢/٣/٢٢)، https://www.aljazeera.net/ebusiness/2022/3/22/%D9%85%D8%A7-%D9%85%D8%AF%D9%89-%D8%AA%D8%A3%D8%AB%D9%8A%D8%B1-%D8%AD%D8%B1%D8%A8-%D8%B1%D9%88%D8%B3%D9%8A%D8%A7-%D9%88%D8%A3%D9%88%D9%83%D8%B1%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A7-%D8%B9%D9%84%D9%89، تاريخ الزيارة: ١٢/٨/ ٢٠٢٣.

-المركز الاوروبي لدراسات مكافحة الارهاب و الاستخبارات، واقع اليمين المتطرف في اوروبا، (٢٤ إبريل ٢٠٢٠)، واقع اليمين المتطرف في أوروبا - المركز الأوروبي لدراسات مكافحة الإرهاب والاستخبارات(europarabct.com) ، تاريخ الزيارة: ١٢/٨/ ٢٠٢٣.

-مركز الدراسات العربية الاوراسية CAES، المواجهة الروسية الغربية على حدود أوكرانيا، (٤ديسمبر ٢٠٢١)، https://eurasiaar.org/the-russian-western-confrontation-on-the-border-of-ukraine ، تاريخ الزيارة: 2023/12/2.

-مصطفى الطالب، اللعنة الجيوبوليتيكية: عقدة الأزمة الأوكرانية و التدخل الروسي، مركز رواق بغداد للسياسات العامة، (فبراير ٢٠٢٢)، https://rewaqbaghdad.org/ar/version/1690359007 ، تاريخ الزيارة: 2023/12/١.

-عزمي بشارة، " روسيا و أوكرانيا و حلف ناتو: تأملات في الاصرار العجيب على عدم تجنب المسار المؤدي الى الحرب" سلسلة دراسات، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات. (٢٧ فبراير ٢٠٢٢)، https://www.azmibishara.com/ar/%D8%AF%D8%B1%D8%A7%D8%B3%D8%A7%D8%AA/%D8%B1%D9%88%D8%B3%D9%8A%D8%A7-%D9%88%D8%A3%D9%88%D9%83%D8%B1%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A7-%D9%88%D8%AD%D9%84%D9%81-%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%A7%D8%AA%D9%88-%D8%AA%D8%A3%D9%85%D9%84%D8%A7%D8%AA-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%A5%D8%B5%D8%B1%D8%A7%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%AC%D9%8A%D8%A8-%D8%B9%D9%84%D9%89-%D8%B9%D8%AF%D9%85-%D8%AA%D8%AC%D9%86%D9%91%D8%A8-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B3%D8%A7%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%A4%D8%AF%D9%8A-%D8%A5%D9%84%D9%89-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B1%D8%A8، تاريخ الزيارة: ١٢/١٤/ ٢٠٢٣.

**English References**

**Books:**

**Nicholas J.Spykman,The Geography of the Peace,new York,1944,**
https://ia904502.us.archive.org/34/items/the-geography-of-the-peace-nichoals-spykman-1943-

questia/THE%20Geography%20of%20the%20Peace%20-%20Nichoals%20Spykman%20-%201943%20-%20Questia.pdf.

**Academic Journal:**

Michael O'Hanlon, We Need to Get Serious about Russia, Now, POLITICO MAGAZINE, (July 12, 2015), https://www.politico.com/magazine/story/2015/07/we-need-to-get-tough-with-russia-now-120002/, Retrieved: 4/12/2023.

**Website:**

Balint Stork, "Geopolitical situation of Ukraine and its importance, Security and Defense Quarterly", (March 2015), ,https://securityanddefence.pl/pdf-103292-36222?filename=Geopolitical%20situation%20of.pdf, Retrieved: 8/12/2023

BRUNO MACAES: "What Happens Next in Ukraine Could Change Europe Forever", Time, January 2022, https://time.com/6143009/ukraine-crisis-change-europe/, Retrieved: 9/12/2023.

Jen Kirby and Jonathan Guyer: "The increasingly complicated Russia-Ukraine crisis, explained", VOX Media, ( Feb 24, 2022) https://www.vox.com/2022/2/23/22948534/russia-ukraine-war-putin-explosions-invasion-explained, Retrieved:1/12/2023.

Patrick Kingsley, "The Ukraine Crisis: What to Know About Why Russia Attacked", The New York Times, (march.2022), https://www.nytimes.com/article/ukraine-russia-putin.html Retrieved: 8/12/2023.

Steven Pifer , John Herbst, The Obama Doctrine and Ukraine, brookings, (March 18, 2016), http://www.brookings.edu/blogs/order-from-chaos/posts/2016/03/18-us-support-for-ukraine-pifer-herbst, Retrieved: 6/12/2023.

## الأزمة الأوكرانية: أسبابها و تأثيراتها على العلاقات الروسية- الغربية بعد عام 2014

| |
|---|
| م.م. احمد عبدالكريم احمد |
| قسم النظم السياسية و السياسات العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين ، اربيل، اقليم كردستان- العراق |
| البريد الالكتروني: Ahmed.ahmed4@su.edu.krd |
| أ. د . صالح عمر عيسى |
| قسم النظم السياسية و السياسات العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين ، اربيل، اقليم كردستان- العراق |
| البريد الالكتروني: Salih.issa@su.edu.krd |

تتمتع أوكرانيا بأهمية كبيرة بالنسبة لروسيا وأوروبا بسبب موقعها الجغرافي والجيوسياسي .فهي تمثل حدود روسيا مع أوروبا وأصبحت بمثابة حلقة وصل بين القوتين العالميتين. تُعد الثورة البرتقالية نقطة تحول في الصراع الروسي الأوكراني. كانت الثورة نتيجة للظلم السياسي والاجتماعي الذي مارسته روسيا على الشعب الأوكراني، مما دفع أوكرانيا إلى التراجع والاستسلام. أراد أغلبية الشعب الأوكراني الانضمام إلى الاتحاد الأوروبي والابتعاد عن الهيمنة الروسية.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

تكمن أهمية هذا البحث في أنه يناقش كيفية نشوء الأزمة الأوكرانية، وتأثيرها على العلاقات الأوروبية الروسية، وأسبابها وعواقبها. وسيكون هذا مفيدًا للباحثين والطلاب والمهتمين بموضوع الأزمة الأوكرانية .يهدف هذا البحث إلى تقديم أسباب الأزمة في أوكرانيا وعواقب الغزو الروسي لها، خاصة بعد عام 2014، وكذلك إظهار تأثير الأزمة على العلاقات بين روسيا والغرب.

تفترض دراستنا أن الأزمة الأوكرانية سيكون لها تأثير سلبي على العلاقات الروسية الغربية وستؤدي إلى مزيد من التعقيدات، حيث سيتخذ كل طرف عددًا من الإجراءات والقرارات والعقوبات ضد الطرف الآخر. هناك فرضية أخرى مفادها أن الأزمة الأوكرانية سيكون لها عاقبتان: من الناحية العسكرية، سيساعد الغرب أوكرانيا على حماية أمن أوروبا ضد روسيا، ويرسل إليها الأسلحة والمعدات العسكرية، ويحاول تسليح نفسه. من الناحية السياسية، فإن الحرب في أوكرانيا ستغير السياسة الخارجية لبعض الدول الأوروبية تجاه روسيا. وسيكون لبعض الدول الغربية أيضًا مواقف مختلفة بشأن الحرب بين روسيا وأوكرانيا. وفي بعض الدول الأوروبية، ستمنح الحرب الأحزاب اليمينية المتطرفة فرصة لزيادة أصواتها وخلق مشاكل مع المهاجرين الأوكرانيين.

اعتمدنا في هذا البحث على المنهجين الاستقرائي والاستدلالي ودمجنا بينهما. وفي نهاية هذه الدراسة، توصلنا إلى أن الغزو الروسي لأوكرانيا كان له تأثير سلبي على العلاقات الغربية الروسية، وحاولت دول الاتحاد الأوروبي تسليح نفسها لمواجهة القوات الروسية. وأظهر هذا أن أوروبا، ولأول مرة، تحاول، في ظل الولايات المتحدة، أن تصبح معتمدة على نفسها عسكريًا. لقد خلقت الحرب في أوكرانيا بيئة مواتية لظهور اليمين المتطرف في أوروبا وزيادة شعبيته، فضلاً عن أزمة المهاجرين في أوروبا التي خلقت مشاكل أمنية.

الكلمات المفتاحية: الجغرافيا السياسية الأوكرانية، الأزمة الأوكرانية، الثورة البرتقالية، العلاقات الروسية الغربية.

# The Ukrainian Crisis: Its Causes and Impacts on Russian-Western Relations After 2014

| | |
|---|---|
| **Assist. Lect. Ahmed Abdulkarim Ahmed** |
| **Department of political Systems and public policy, College Of Political Scince, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region-Iraq** |
| **Email: Ahmed.ahmed4@su.edu.krd** |
| **Prof. Dr. Salih Omar Isa** |
| **Department of political Systems and public policy, College Of Political Scince, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region-Iraq** |
| **Email: Salih.issa@su.edu.krd** |

## ABSTRACT

**Ukraine holds great importance for Russia and Europe due to its geographical and geopolitical location. It is the border between Russia and Europe and has become a link between the two global powers. The Orange Revolution is considered a turning point in the Russian-Ukrainian conflict. The revolution was a result of the political and social injustice imposed by Russia on the Ukrainian people, which forced Ukraine to retreat and surrender. The majority of the Ukrainian people wanted to join the European Union and distance themselves from Russian dominance. The significance of this research lies in its discussion of how the Ukrainian crisis emerged, its impact on European-Russian relations, its causes, and its consequences. This research aims to present the reasons for the crisis in Ukraine and the consequences of Russia's invasion of Ukraine, especially after 2014, as well as showing the impact of the crisis on relations**

**between Russia and the West. Our study assumes that the Ukrainian crisis will have a negative impact on Russian-Western relations and will lead to further complexities, as each side will take a number of measures, decisions, and sanctions against the other. Another hypothesis is that the Ukrainian crisis will have two outcomes: militarily, the West will help Ukraine protect Europe's security against Russia, sending it weapons and military equipment, and will attempt to arm itself. Politically, the war in Ukraine will change the foreign policy of some European countries toward Russia. Some Western countries will also have differing stances on the war between Russia and Ukraine. In some European countries, the war will give far-right parties the opportunity to increase their votes and create problems with Ukrainian migrants.**

**In this research, we relied on both the inductive and deductive approaches and integrated them. At the end of this study, we concluded that the Russian invasion of Ukraine had a negative impact on Russian-Western relations, and EU countries tried to arm themselves to face Russian forces. This demonstrated that Europe, for the first time, is trying, under the United States, to become militarily self-reliant. The war in Ukraine has created a favorable environment for the rise of the far-right in Europe and its popularity, as well as the migrant crisis in Europe, which has created security problems.**

**Keywords:** **Ukrainian geopolitics, Ukrainian crisis, Orange Revolution, Russian Western relations.**